بەشی پێنجەم:

# ئایا کورد لە عێراقدا نەتەوەیەکی کۆلۆنیزەکراوە؟

**ئیبراهیم سادق مەلازادە**

**پوختە:** بڕیاری 1514ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 1960 کۆتایی بە کۆلۆنیالیزمی کۆن هێنا کاتێک مافی سەربەخۆیی بەخشییە ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ئینتیدابدا بوون. بەڵام ئەم بڕیارە کوردی عێراق (و پارچەکانی دیکەشی) نەگرتەوە. لێرەدا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە؛ ئایا کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراوە؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، لەلایەك هەوڵی تیۆریزەکردنی ئەو پەیوەندییە دراوە کە کوردستانی باشوور بە گەلی سەردەست و بە دەوڵەتی ناوەندەوە دەبەستێتەوە. بەر لەو مێژووە و دوای ئەوەش، دەمانەوێ بزانین ئاخۆ خەڵکی کوردستان لە خەباتێکی نەبڕاوەدا، خولیای ئازادی و سەربەخۆیی بووە، یا شەڕی هاوڵاتیبوونی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا کردووە. بە پشتبەستن بە تیۆری پرۆسەی ژیاردا و لەڕێی پرسیارنامەیەکەوە، هەوڵ دراوە ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییە بخرێنە ڕوو، بۆ زانینی ئاستی پشتبەیەکبەستنی خەڵکی کوردستان و گەلی سەردەست بەیەکەوە، هەروا، وەکو یەکێك لە ئاڵقە کۆمەڵایەتییەکانی ناو دەوڵەتی عێراق و وەکو ئەرگومێنتێك بۆ دەرخستنی سەرکەوتن یا شکستی ئەو دەوڵەتە.

**ئاماژەکردن بە سەرچاوە:** مەلازادە، ئیبراهیم سادق (2020) ئایا کورد لە عێراقدا نەتەوەیەکی کۆلۆنیزەکراوە؟. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

## پێشەکی

دوای جەنگی جیهانی دووەم، نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری 1514ی لە ڕێکەوتی 14ی کانوونی یەکەمی/دیسەمبەری 1960، دەرکرد. بەپێی ئەو بڕیارە، ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ئینتیدابدا بوون، مافی ئەوەیان پێ بەخشرا سەربەخۆیی بەدەست بێنن. لەو نێوەندەدا هیچ پارچەیەکی کوردستان بەداگیرکراو هەژمار نەکرا و بڕیارەکە وەکو بەشێك لەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشکراون، هەژماری کردن.

کۆلۆنیالیزم[1] بەگشتی کۆمەڵێك سیما و خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەن و زۆربەی زانستە مرۆییەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەگەر لەو چوارچێوەیەشدا بڕیار بێت کورد نەتەوەیەکی کۆلۆنیزەکراو بێت، چۆن بتوانین خەسڵەتەکانی ئەو کۆلۆنیالیزمە بناسینەوە؟

کرۆکی ئەو بابەتە، خۆی لە کولتووری ململانێی خەڵکی باشووری کوردستانی بندەستی عێراق و نەتەوەی سەردەستی عەرەب لە عێراقدا، دەبینێتەوە. قسە لە ماهییەتی فیکریی ئەو ململانێیە دەکات کە هەمیشە نابەرامبەر بووە، نەك هەر لەڕووی چەندێتییەوە، بەڵکو لەڕووی چۆنایەتی و جۆری وتاری ڕووبەڕووبوونەوەشدا. بۆیە پرسیارەکان لەچوارچێوەی پەیوەندیی کورد و عەرەبدا خۆیان لە چەندین فۆرمی جیاوازدا دەبیننەوە. ئایا بەڕاستی ئەوان داگیرکەر و کوردیش داگیرکراو بووە؟ ئایا ئەوان کۆلۆنیالیست و کوردیش بەکۆلۆنیکراو، یا تەنها شەڕی ململانێی سیاسی و سەربازی بووە لەسەر دەسەڵات و بەشداریی سیاسی؟

لەو چوارچێوەیەشدا، گەڕان بەدوای شرۆڤەکردنی پەیوەندیی کورد بەو نەتەوە سەردەستانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، پێویستییەکی هەنوکەیی بواری ئەکادیمی و ناوەندەکانی توێژینەوەیە. ئیسماعیل بێشکچی یەکێکە لەو توێژەرانەی "کوردستان، کۆلۆنییەی نێودەوڵەتی" هێناوەتە ناو ئەدەبیاتی کوردی و پێی وایە

[1] لەجیاتی چەمکی داگیرکردن، تەنها چەمکی کۆلۆنیالیزم بەکار دێنم، چونکە بەدرێژایی مێژووی بزووتنەوەی سیاسی کورد، چەمکی داگیرکەر بەکارهاتووە، بەڵام بەکۆمەڵێك هۆکارەوە، ئەو چەمکە بووەتە وشەیەکی سواو، بەبێ ئەوەی بە گەشە و تێگەیشتنی ئاسایدا تێپەڕبووبێت و فاعیلیەتی خۆی لەدەست داوە و لەگوێچکەی کورددا هیچ جۆرە کاردانەوەیەك دروست نەکات، تەنانەت لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانیشدا لەگەڵ داگیرکەر، هیچ دەرهاوێشتەیەك دروست ناکات.

کوردستان، نەك هەر کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتییە، بەڵکو هەژموونی کۆلۆنیالیستەکانی کوردستان، زۆر دڕندانەتر و نامرۆڤانەترە، لە کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی (Besikci, 1990). دوای ئەویش ژمارەیەك وتاری رۆژنامە و بیروڕای هەمەجۆر بەرچاو دەکەون.

لەهەمان کاتدا، لەوانەیە کەسانێك لەناوخۆی کوردستان هەبن بپرسن، بۆ کەس هەیە گومانی هەبێت لەوەی کە کورد گەلێکی داگیرکراوە؟ لەلایەك، خەڵکانێکی سیاسی هەن تەواو خۆیان بەدەستەوە داوە و لەچوارچێوەی نیشتمانیبوونی عێراقدا کارەکانی خۆیان پێش دەخەن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەوانەش کە پێیان وایە کوردستان داگیرکراوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو رستەیەی کە رایدەگەیەنن، کاردانەوە نانوێنن، بەو مانایەی ستراتیژیەتێك نابینین بۆ دەرچوون لەو دۆخەی کە ئەوان بەداگیرکاری دەزانن. هەروەها داخۆ مەبەستی ئەوان چ جۆرە داگیرکارییەکە؟ لەلایەك بە بەغدا دەڵێن داگیرکەر، لەلایەکی دیکەش دەچنەوە بەغدا و شەڕی هاوڵاتیبوون دەکەن. ئەمەش زۆر بە زەقی لە وتاری ناسیۆنالیستە کوردەکاندا بەدیار دەکەوێت، وەکو گوتارێکی ئاڵۆز و بێ ستراتیژ. گوتارێکە، لەڕووی زانستییەوە کۆنسێپتوالیزە[2] نەکراوە. لەڕوی فیکرییەوە بێ ئەرگومێنتە و نەتواندراوە تیۆریزەی فیکری سیاسیی "کوردایەتی" بکرێت، لە دروشمێکی بێ ناوەرۆك تێپەڕی نەکردووە.

کەواتە، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە نەخشەیەکی فیکری دەخاتە بەردەست خوێنەر، بۆ ئەوەی لەقورسایی ئەو پرسە تێبگەین، داخۆ نەتەوەیەکی کۆلۆنیزەکراو چ

---

[2] مەبەست لە بە کۆنسێپتوالیزەنەکردنی زمان چییە؟ زۆربەی زمانەکانی دونیا، لەسەر ئاستی زانستیدا، کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی زانستییان هەن، لە چەند وێنەیەکی ئەقڵیی جیاوازدا دەردەکەون، وەکو ئامێری کورتکردنەوە بۆ هەموو بۆنە و ئەزموونەکان بەکار دەبرێن و ئاماژەی هاوبەش لەنێوانیاندا هەن. بەمانایەکی دیکە، لەگەڵ ناوهێنانی ئەو کۆنسێپتانەدا، کۆمەڵە مانایەك، چەند وێنەیەکی ورد و رۆشن بەدەستەوە دەدەن. لە زمانی کوردیدا، چەمکەکان سواون و لەماناکانیان بەتاڵ کراونەتەوە. یەکێکیش لەوانە چەمکی "داگیرکەرە" کە لە زمانی عەرەبیدا دەبێتە (المحتل). بەدرێژایی بزووتنەوەی سیاسیی باشووری کوردستان، بە دەوڵەتی عێراق گوتراوە داگیرکەر، بەڵام ئێلیتی سیاسیی کورد هەمیشە بە پێچەوانەی ناوەرۆکی ئەم چەمکە مامەڵەیان لەگەڵ داگیرکەردا کردووە. زۆر ئەستەمە دێڕێك لە کۆبوونەوە و دانوستانەکاندا ببینینەوە، وەکو داگیرکەر گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی دووەم، کە مەبەست دەسەڵاتدارانی بەغدا بووە، کرابێت. بەڵکو، دەسەڵاتی بەغدا هەمیشە، وەکو ئەو دێڕە بەناوبانگەی مام جەلال کە لەگەڵ سەددام بەکاری هێنا و گوتی: سەددام ناکۆك و دادوەریشە (هو الخصم والحکم)، تەماشای کراوە، کە هیچ کامییان مانای داگیرکەر نادەن.

مانایەك دەگەیەنێت. لە هەمان کاتیشدا چۆن بتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەو دووفاقییەی کە وتاری نوخبەی سیاسیی کورد تیایدا گیری خواردووە و هیچ بژاردەیەکی دەرچوونی بۆ خۆی و خەڵکی باشووری کوردستان نەهێشتۆتەوە.

چوارچێوەی پرۆبلێماتیکی ئەم نووسینە خۆی لە ئیشکالییەتی پەیوەندیی سیاسی و کولتووری و هەستیی (زیهنی) نێوان کورد و دەوڵەتی عێراقدا دەبینێتەوە. یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی ئەو پەیوەندییە، کێشەی وتاری نوخبەی رۆشنبیری کورد بووە لە ئاست دەسەڵاتی هەژموونداری پێتەختی عێراق. هەر لە زووەوە، بە کۆمەڵێك هۆکارەوە، بە دونیابینییەکی ئاڵۆزەوە، دوای ئەوەی باشووری کوردستان بە عێراقەوە دەلکێندرێت، پاشان هەوڵە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەی سیاسی کورد لەدوای لکاندنی بە عێراقەوە، کە خۆی لە هەوڵە سەرەکییەکانی شێخ مەحموودی حەفید و جموجۆڵەکانی بارزاندا، دەبینێتەوە، بەتایبەتیش دوای ساڵانی سییەکان و شۆڕشی بارزان لە 1945 (الحمداني، 2004: 23)، کورد لەسەر ئاستی دروشم و داواکارییەوە، پێگە و چارەنوسی خۆی تێکەڵ بە عێراق دەکات. هەر لەدوای شکستی بزووتنەوەی سیاسی کورد بە رێبەرێتی شێخ مەحموود، هەر زوو چەمکی "باشووری کوردستان" (Ahmad, 2016) وەکو چەمکێکی پان کوردیزم، شێخ مەحمود لە نامە گۆڕینەوەکانیدا بەکاری هێناوە، لە دیسکۆرسی ئێلیتی سیاسیی کوردی دوای شێخ مەحمودەوە دەبێتە "کوردستانی عێراق". لێرەوە، یەکەم هەنگاوی دانان بەواقیعی دابەشبوون لەلایەن کوردەوە خۆی، لەڕووی پراکتیکەوە دانی پێدا دەنرێت[3].

[3] لەڕووی دیپلۆماسیشەوە، کورد نەیتوانیوە رێ لە دەقبەستن و ژەنگهەڵێنان و بوون بەواقیعی دابەشبوونەکە لەڕووی قانونییەوە بگرێت. لە بری ئەوە بەئاسانی تەسلیم بەواقیعەکە بوون. لەو بارەیەوە پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر رۆشنن سەبارەت بە "بەخشینی سەربەخۆیی بەو وڵات و نەتەوانەی داگیرکراون بەپێی بڕیاری 1514 (د-15) لەڕێکەوتی 14ی کانونی یەکەم/دیسیمبەری 1960، کە بە زۆرینەی 89 دەنگ لەبەرامبەر هیچ، راگەیەندرا" ( General Assembly, 1960). لەو کاتەوە بریار لەسەر چارەنوسی ئەو گەلانە دراوە کە کۆلۆنیزە کراون، بەڵام کورد بەهەر هۆکارێك بێت نەخراوەتە ناو ئەو چوارچێوەیەوە. جگە لەوەش پێ ناچێت هیچ هەوڵێکی کورد لەو رووەوە لەئارادا بووبێت. ئەمەش بۆدواجار دەبێت بە واقیع و کورد دەبێت بە بەشێك لەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەشکراون. بۆیە تائێستاشی لەگەڵدا بێت لەڕووی قانونی و رەسمییاتی نێودەوڵەتییەوە، کورد تەنها هاوڵاتییەکی ئاسایی نێوخۆی ئەو وڵاتانەیە.

لەو چوارچێوەیەشدا، داواکاریی بزووتنەوەی سیاسی کورد لە دەوڵەتی عێراق، لە جیابوونەوە و سەربەخۆییەوە، دەبێتە "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان" (Barwari, n.d.). بەڵام خودی ئەو گوتارە، گوتارێکی ئیشکالئامێزە، چونکە راستەوخۆ یەکانگیر دەبێت لەگەڵ چەمکی "ناسنامە" و پرسی هاوڵاتیبوون و دوالیزمەی دوو پانتایی جیاواز، کە یەکەمیان عێراق و دووەمیشییان باشووری کوردستانە، کە لەڕووی قانونی و واقیعی جوگرافییەوە بەشێکە لە عێراق.

ئەم دوالیزمەی عێراق و کوردستان، کێشەیەکی سەرەکی دەخولقێنێت، ئەویش ئێمە و ئەوان، کە خۆی لە ئەتنۆ سەنتریزمدا[4] دەبینێتەوە. ئێمە و ئەوان لە زاکیرەی مرۆڤی کورددا، لەسەر ئاستی کولتووری و سیاسی و پەروەردەییدا، لە نێوان زۆرینەی هەرە زۆردا هەمیشە لەژێر کارایی پان کوردیزمدا، خۆی بە رەهەند و تەواوکەری مەهاباد و ئامەد و قامیشلۆ زانیوە و لەچوارچێوەی دروشمێکی باوی سیاسی کە بریتی بووە لە "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان"، خەونی بە سەربەخۆیی باشووری کوردستانەوە بینیوە. ئایا ئەم دروشمە راستەقینە بووە، بەو مانایەی، وەکو هێزێکی سیاسی عێراقی، عێراق، هەموو عێراق، بە نیشتمانی خۆی بزانێت و لەو چوارچێوەیەشدا پێگەیەکی ئۆتۆنۆمی تایبەتی ویستبێت؟ یاخود، ئەو دروشمەیان بە قۆناغێکی راگوزەر زانیوە و لە ئەنجامی کۆمەڵێك ئاماژەوە، دەسەڵاتی بەغداش بەدروستی لەو ئامانجە راگوزەرە حاڵی بووە؟ لەو نێوەندە بێمتمانەییەدا، لەدوتوێی ئەزموونێکی دوور و درێژی دەسەڵاتە یەك لەدوا یەکەکانی بەغدا بە سەرانی سیاسی بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری کوردی، واپێدەچێت لە دۆکیومێنتەکانی بەعس و دەوڵەتی عێراق و ئەزموونی خولانەوە لە چەندین بازنەی جیاوازی ئەزموونی شۆڕشگێڕیدا، جۆرێك لە دڕدۆنگی، یا بێ متمانەیی لەنێوان بەغدا و سەرانی سیاسی بزووتنەوەی کوردی، لەنێوان بەشێك لە جەماوەری کورد و ئەو بزوتنەوەیەدا، هەبووە.

---

[4] سەبارەت بە ئەتنۆسەنتریزم، ولیام گراهام سەمنەر بەو جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: ناوێکی تەکنیکییە بۆ ئەو تێروانینەی کە کەسێك پێیوابێت گرووپەکەی ئەو سەنتەری هەموو شتێکە. هەموو ئەوانەی دیکە دەپێورێن و هەڵدەسەنگێندرێن وەکو ئاماژەیەك بۆ هەمان گرووپ. هەروەها وەسفی ئەتنۆسەنتریزم دەکات بەوەی کە زۆربەی جاران سەردەکێشێت بۆ لوتبەرزی، لەخۆباییبوون و باوەڕهێنان بەوەی کە گرووپەکەی خۆی باڵایە و رقیشی لە بێگانە دەبێتەوە (Sumner, 2011).

زیاد لەوەش، بەشێك لەو دڕدۆنگییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دووبەرەکی و ناتەباییەی کە هەر لەشەستەکانەوە دەکەوێتە ناو بزووتنەوەی سیاسی و باڵێك لە حزبی ڕێبەر کە بەباڵی سیاسی ناسرابوو، دادەبڕێت و لەگەڵ بەغدا ڕێك دەکەوێت. دوای ئەوە، لە دوای هەڕەسی شۆڕشی[5] ئەیلول، ئەو بزووتنەوەیە بەتەواوەتی جیا دەبێتەوە و دەبن بە دوو حزبی جیاواز. لەئاکامیشدا، هەر لە دۆڵ و چیاکانی کوردستاندا، دەستیان دەچێتە خوێنی یەك و ئەو دڕدۆنگییەی نێوان خەڵك و ئەو بزووتنەوەیە چەندین قات زیاد دەکات.

ئەم دڕدۆنگییە، هاوکات لەگەڵ دابەشبوونی بزووتنەوەی سیاسی کورد، وێڕای چەندین هۆکاری دیکە، لەوانەش سیاسەتی "پەرتکە و زاڵ بە"، وای کردووە، کەمینەیەکی گەورە، هەمیشە چاوی لەبەغدا بووە و لە چوارچێوەی خۆ بەعێڕاقیدانان، هاوکاری سەربازی و ئەمنیی دەوڵەتی عێڕاقی کردووە و لەڕووی موچە و ژیانیشەوە پشتی بە دەوڵەت بەستووە. بژاردەی ئەو کەمینەیە، پۆستی باڵاشییان وەرگرتووە و چونەتە ناو جومگەکانی حکومەت و دەسەڵات لە عێڕاقدا. بەڵام، ئەو کەمینەیە، لای بزووتنەوەی سیاسی کورد و زۆرینەی هاوسۆز و پشتیوان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیدا، وەکو "خۆفرۆش" یاخود "جاش" (Omer, 2017) ناسراو و تەماشا کراون و حیسابی دوژمنیان بۆکراوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، هەردوو باڵی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسی کوردی، هەمیشە یەکتریان بەجاش تۆمەتبار کردووە.

کێشەی دوالیزمی دوو جۆر پێشمەرگە واتە نەبوونی هێزێکی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی یەگرتووە، لەلایەك و هەبوونی هێزێکی چەکداری جاشیش بەپشتیوانی دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەکی بەردەوامی دڕدۆنگی بووە و زەبرێکی کوشندەی لەبزووتنەوەی سیاسیی کورد داوە. دەسەڵاتی بەغدا، هەمیشە توانیویەتی لەو درزەوە سیاسەتەکانی خۆی درێژە پێبدات. بەم جۆرە، سەرانی سیاسیی کورد بە کۆمەڵێك

[5] لە تێروانینی مندا، بزووتنەوەی سیاسی کورد لە عێڕاق، شەڕی کردووە، بەڵام هەرگیز شۆڕشییان نەکردووە، بەو مانایەی بتوانن گۆڕانکارییەکی ریشەیی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە بیرکردنەوە و دونیابینی خەڵکی باشووری کوردستاندا دوست بکەن. کۆنسێپتوالیزەنەکردنی چەمکی داگیرکەر، یا بەتاڵکردنەوەی لەناوەرۆکی خۆی، ڕێك وەکو چەمکی شۆڕش، ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوە سادەیە بووە کە بزووتنەوەی سیاسی کوردی تیایدا ناڵاندوویەتی. دوای ڕاپەڕینیش، ئەو ڕاستییە بەزەقی دەرکەوت کە نەیانتوانی مۆدێلێکی حوکمڕانی مەدەنی، نزیك لە مۆدێلە سەرکەوتووەکانی دونیا دابمەزرێنن.

جیاوازییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بەغدا کردووە، لەبنەڕەتدا وەکو هاوڵاتی عێراقی چوونەتە دانوستان؛ هەرچەندە لە راگەیاندنی شۆڕشدا چەمکی داگیرکەر بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ دەسەڵاتی بەغدا بەکار هاتووە. ئەمەش تا ئەو چرکەساتەی کە ئەو وتارە نوسراوە، کورد نە دەبێت بە عێراقییەکی تەواو، بۆ ئەوەی ئێستا و ئایندەی سەقامگیر بێت، نە خۆشی یەکلا دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی ستراتیژیەتێکی نیشتمانیدا کار بۆ سەربەخۆییەکی تەواو بکات. هەروەها، زیانێکی گەورەی لە عێراقیش داوە، وەکو وڵاتێکی خاوەن سەروەریی سیاسی و خاوەنی سنورێکی نێودەوڵەتی، چونکە ئەو عەقڵییەتەی کە لەبەغداش حوکمڕان بووە، لەسەر دوو ئاستی جیاواز رەفتاری لەگەڵ خاك و خەڵکی باشوور کردووە. ئاستی یەکەم: خاکی باشووری کوردستانی بە بەشێك لە خاك و نیشتمانی عەرەب زانیوە. بەڵام لەسەر ئاستی دووەمدا، وەکو داگیرکەر رەفتاری لەگەڵ خەڵکی باشووردا کردووە، بەتایبەتیش سوودێکی گەورەی لە ناکۆکی ریزەکانی کوردەوە بینیوە، هەڵبەت لەپاڵ بەکارهێنانێکی بەردەوامی سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە، کە لەخۆیدا سیاسەتێکی کۆلۆنیالیستانەیە.

دیارە، دوای راپەڕینی ساڵی 1991 و دامەزراندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، جێگۆڕکێیەکی تەواو بەو دوالیزمەی پێشوو کرا. لە دووتوێی لێبووردنێکی گشتیدا، ئەو هێزەی کە وەکو جاش ناسرابوون، لەناو هەردوو باڵی سەرەکی بزووتنەوەی سیاسیدا تاوانەوە، یا چوونەوە ماڵەوە. بەڵام وێنە سەرەکییەکە وەکو پێشان مایەوە، لەلایەك دوو هێزی سەرەکی ناتەبا لەگەڵ یەك، کە دوایی کەوتنە شەرێکی ناوخۆیی خوێناوی. چاکبوونەوەشیان دوو هەرێمی جیاوازی زەرد و کەسکی لێ بەرهەم هات، کە تا ئەو چرکەساتەش خەڵکی باشوور باجی ئەو جیاوازیی و دوو ئیدارەییە دەدەن. هەر ئەمەش وای کردووە نەتوانن ستراتیژییەتێکی نیشتمانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدادا بگرنە بەر. تا ئەمڕۆش چەمکی داگیرکەر بەزەقی لە ئەدەبیاتی کوردی باشووردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی، هەرگیز وەکو داگیرکەر رەفتاری لەگەڵ بەغدادا نەکردووە. بەڵکو هەر زوو، دوای روخانی رژێمی بەعس، وەکو هاوڵاتی و بەشێك لە عێراق گەڕانەوە بەغدا و بەشداربوون لە بنیاتنانەوەی عێراق. ئەمەش پێچەوانەی رەفتاری نەتەوەیەکی داگیرکراوە، کە ناکرێت بچێت ببێتە بەشێك لە دەسەڵاتی داگیرکەر و بۆخۆی درێژە بە سیاسەتی داگیرکاری بدات.

بۆ زانینی را و روانگەی خەڵك لەو بارەیەوە، داخۆ پێیان وایە داگیرکراون، لە چوارچێوەی میتۆدۆلۆژیای ئەو توێژینەوەیە، پشت بە پرسیارنامەیەك بەسترا، کە ئۆنلاین خرایە سەر نێت و بە لینکیش بۆ زیاتر لە 400 کەس، لەهەردوو رەگەزی نێر و مێ، نێردرا. زۆری ئەوانەش، لەنێوان بیست تا پەنجا ساڵیدا بوون. ئەوەش بەو مانایە دێت کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، هەموو کەسێك کە لینکەکەی پێگەیشتبێت، ئەگەر ویستبێتی مافی بەشداربوونی لە وەڵامی پرسیارەکاندا هەبووە. لەئاکامیشدا، رێژەی بەشداربووان و ئەو وەڵامانەی کە پێمان گەیشتوونەتەوە، گەیشتە 337 کەس، کە رێژەیەکی بەرچاوە. ئەوەی کە لەو پرسیارنامەیەدا، زۆر گرنگە، فۆرمەکە دوای 16ی ئۆکتۆبەر، واتە دوای داگیرکردنەوەی کەرکوك، بڵاوکرایەوە، کە لەوانەیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ یا نێگەتیڤ، کاریگەری لەسەر راوبۆچوونی بەشداربووان هەبووبێت. بەشێکیش لەو کاریگەرییە، خۆی لەو جیاوازییەدا دەنوێنێت کە بەشێك لە ئێلیتی سیاسیی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەنجامدانی پرۆسەی رێفراندەم نەبوون یاخود لە بنەڕەتدا دژی رێفراندەم بوون، بەمانای ئەوەی ئەو دووبەرەکییەی کە هەر لەسەرەتادا هەبووە، تا ئێرەش هەر درێژەی بووە. دەسەڵاتی شیعەی بەغداش بە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی ئێران، زۆر لێزانانە توانی سوود لەو دۆخە وەربگرێت و شکست بە خواستی جیابوونەوە و دەسەڵاتی کوردیش لەو ناوچانە بێنێت کە خراونەتە بەر رەشەبای ماددەیەکی دەستوری بەناوی ماددەی (140)[6].

## چۆن بتوانین تیۆریزەی ئەو پەیوەندییە بکەین؟

هەڵبەت ئەو بابەتەی ئێمە قسەی لێ دەکەین، بەشێکی گرنگ و چارەنوسسازە لە رەوتی ژیاری هەر نەتەوەیەك. جیاوازییەکی بنچینەیی هەیە لەنێوان گرتنە دەستی جڵەوی خۆی بەدەستی خۆی و رووبەڕووبوونەوەی ئاکامەکانی بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئەوی دیکەی داگیرکەر، یاخود کۆڵدان و خۆبەدەستەوە دان، بۆ ئەوەی

[6] سەبارەت بە پرسیارنامەکە و ئەنجامەکان، بەهۆی کێشەی تەکنیکی و بەپێچەوانەی هەموو ئەو توێژینەوانەی کە لەم کتێبەدا جێیان بۆتەوە، بەپێویست زاندرا کە واز لە نەخشە و دیەگرامەکان بهێندرێت و تەنها باس لەو کۆنسێپتانە بکرێت کە لە پرسیارنامەکەدا ئاماژەیان پێکراوە، و لەگەڵ ناوەرۆك و لایەنی تیۆری توێژینەوەکە گونجێنراون. بۆیە، مەگەر زۆر بەکورتی لەبەشی دووەمدا ئاماژەم بە ئەنجامە گشتییەکان کردبێت، ئەگینا بەگشتی پرسیارنامەکە خرایە دەرەوەی توێژینەوەکە.

بکەوێتە چوارچێوەی جەبرەکانی داگیرکەرەوە. بەڵام هەموو ئەمە لە کۆتاییدا پەیوەندی بە بژاردەکانەوە (options) هەیە، داخۆ کورد دەیەوێت چۆن بژیت؟ ببێتە بەشێك لەو دەوڵەتەی کە تا ئەمڕۆ بەداگیرکەری زانیوە، یا ئەوەتا ژمارەیەکی دیار بێت لە ڕەوڕەوەی مێژوو و کاریگەرییەکانی ژیاندا؟ ئەمانە هەردووکیان دوو بژاردەن، پەیوەندی بە بڕیاری نەتەوە داگیرکراوەکان خۆیانەوە هەیە.

لێرەدا تەواوی پرسەکە پەیوەندی بە پڕۆسەی ژیارەوە هەیە. لە چوارچێوەی پڕۆسەی ژیاردا، نەتەوەکان یان سەردەست و هەژموونداران و ڕۆڵی کارا لە جومگەکانی ژیاندا دەبینن لەسەر هەردوو ئاستەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکانەوە، بەئاراستەی بیناکردنی دەوڵەت، یان لەچوارچێوەی شکستی ژیاردا، ژێر دەستە و هەژموون لەسەر کراو و کارتێکراو دەمێننەوە. یاخود وەکو یوهان گاڵتەنگ لە بابەتێکی تایبەت بە تیۆریزەکردنی ئیمپریالیزمدا دەڵێت: "جیهان لە نەتەوەی ناوەند و پەڕاوێز پێکهاتووە؛ هەر نەتەوەیەکیش لەلای خۆیەوە ناوەند و پەڕاوێزی هەن" (گاڵتەنگ، 1971: 81). هەڵبەت لە فیکری گالتەنگدا ناوەند هەژمووندارە و پەڕاوێزیش هەژموون لەسەرکراو.

لێرەدا، نەتەوەکان بە یەکێك لە شێوازەکان چوونەتە ناو مێژوو و ئەمڕۆ وەکو سەنتەر ڕۆڵی خۆیان لە مێژووی هاوچەرخدا دەبینن. هەندێك نەتەوەش هەن، لە پەڕاوێزدا دەژین و ڕازین بەو قەدەرەی کە تیایدان، بێ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکیان لە گۆڕانکارییە گرنگەکانی مێژوودا هەبێت. بۆیەشە هەمیشە لە پەڕاوێزدا و بێ ناونیشان دەمێننەوە.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەم، کە لەم نووسینەدا، لەپشتەوە تەماشای ڕوداوەکان دەکرێت، بەمانای ئەوەی قسەکردنەکە لەسەر عێڕاق وەکو دەوڵەتێکی کۆلۆنیال و لەهەمان کاتیشدا وەکو دەوڵەتێکی شکستخواردوو، لە چوارچێوەی سیستەمی نێودەوڵەتی و بە پشتیوانی ئەو سیستەمەش، پێڕەوی لە ڕەفتاری کۆلۆنیالییانەی خۆی دەکات لەبەرامبەر خەڵکی باشووری کوردستاندا[7]. گرتنەبەری ڕەفتاری کۆلۆنیالییانەی

---

[7] لەوانەیە کێشەیەك هەبێت لە تێگەیشتنی خوێنەر کە باس لە نەتەوە و دەوڵەت دەکرێت. دیارە لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا، بەتایبەتیش زمانی ئینگلیزی، نەتەوە بە مانای دەوڵەت دێت، بەڵام کە ئێمە لێرەدا چەمکی نەتەوە بە کوردەوە دەلکێنین، مەبەستمان دەوڵەت نییە، بەڵکو دانەپاڵی وەسفی ئیتنییە، بۆ جیاکردنەوەی لە ئیتنیی عەرەب لە عێڕاق.

عێراق بەرامبەر نەتەوەی کورد، ناهێڵێت پرۆسەی شارستانی لە عێراق بگاتە ئامانجەکانی خۆی و هەمیشە لە تێکشکاندا دەمێنێتەوە، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، کە دوایی دێینە سەری. زۆریشن ئەو ئەکادیمیستانەی کە عێراقیان بە دەوڵەتێکی شکستخواردوو هەژمار کردووە، یەکێکیش لەوانە پیتەر گالبرێتە (Galbraith, 2007)، وێرای کۆمەڵێك توێژەری دیکە، کە لە خوارەوە چەند نموونەیەکم دیار کردوون. ئینجا ئەوەی کە لەوانەیە بۆ هەندێك کەس جێگای سەرسوڕمان بێت، ئەوەیە کە کورد خۆی ئەکتەرێکی ئەو تێکشانەیە هەم بۆخۆی و هەم بۆ عێراق، چونکە تا ئەمڕۆ یارییەکەی بە لینگاوقووچی بەڕێوە بردووە، بەوەی نە دەتوانێت ببێتە عێراقی، نە هەلومەرجەکانیش رێگای پێ دەدەن لێی دەربچێت و خۆی لێ رزگار بکات. لە بەرامبەریشدا عێراق وەکو دەوڵەت نە توانا و بوێری ئەوەی تێدایە هەموو کێشە و داخوازییەکانی کورد چارەسەر بکات و پەیوەندییەکان (لەژێر تیشکی ئەزموونە جیاوازە سەرکەوتووەکانی دونیا) بەجۆر و شێوازی دیکە خورت و پتەو بکات و ئەو ئاڵقە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە پێکهاتەکان لە عێراق بەیەکەوە دەبەستێتەوە، درێژ بکاتەوە، نە دەشتوانێت کۆتایی بە کورد بێنێت و لێی رزگار بێت، کە ئەمە بە پرۆسەی جینۆسایدیش چارەسەر نەبوو.

لە پرۆسەی ژیاردا، بەمانای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو لەڕووی ئابووری، بیناسازی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سەربازی، کێشەیەکی بنەڕەتی هەیە کاتێك ئاڕاستەکان بەرەو تێکشکان دەڕۆن. بەو مانایەی هەرچەند ئەو ئاڵقانەی کە تاکەکان یاخود گرووپەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، کورتتر بن، ئەو تێکشکانە نزیکتر دەبێت، ئاستی پەیوەندییەکان لەنێوان تاك و گرووپەکاندا، خلوخاوتر یا لاوازتر دەبن. لەو بارەیەوە، نۆربێرت ئەلیاس دەڵێت: "گرنگترین لایەنی ئەو گوزەرە کۆمەڵایەتییە بە تەواوەتی، خۆی لە دەرکەوتنی ئەو زنجیرە پەیوەندییە فراوانانەدا دەبینێتەوە کە درێژتر و چڕتر و جیاوازترن" (Dunning & Hughes, 2013: 67). بەمانای ئەوەی گوزەری کۆمەڵگە بەرەو دیموکراسییەت، پێویستی بەو میکانیزمەیە کە ئەلیاس ناوی ناوە زنجیرەی پەیوەندییە درێژ و چڕە جیاوازەکان. چەند ئەو زنجیرانە درێژتر و چڕتر بن، گوزەر بەرەو کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و سەقامگیر تۆکمەتر و باشتر دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە، بەزۆر سەپاندنی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پێکهاتەکانی نەهێشتەوە،

چونکە ئەو دابەشکاری و سەپاندنە بووە هۆی دروستبوونی ناوەندێکی هێز لە دوو فۆرمی جیاوازدا، یەکەمیان فۆرمی نەتەوەیەکی بەهێز و هەژمووندار و خاوەن دەوڵەت، کە دەرفەتی ئەوەی پێدرا بتوانێت کولتوور و زمان و مۆدێلەکانی بیرکردنەوەی خۆی بسەپێنێت. دووەمیشیان فۆرمی دەوڵەتێکی داگیرکەر و سەرکوتکەر کە هەردووکیان یەکدی تەواو دەکەن. لەبەرامبەریشدا لەناوەوەی ئەم دوو فۆرمەدا، نەتەوەیەك یا چەند نەتەوەی دیکە هەن، دەچنە پەڕاوێز، بەڵام کۆمەڵێك هەلومەرجی جیاواز هەن وا لە هەندێك نەتەوە دەکەن ئامادە نەبن لە پەڕاوێزدا بمێننەوە؛ پەڕاوێز لە فۆرمی نەتەوەی داگیرکراودا و لەژێر هەژموونی نەتەوەی سەردەستدا. لێرەدا، هەلومەرجەکانی نەتەوەی سەردەست، لەچوارچێوەی دەوڵەتیشدا مۆنۆپۆلی هێز و سەرچاوەکانی دارایی، ئاڕاستەی پرۆسەی ژیار دیاری دەکەن، داخۆ فۆرمی دەوڵەتی نەتەوە تا چەند دەتوانێت مۆدێلی خۆی بسەپێنێت و هەمووان ناچاری قبوڵکردن بەو مۆدێلە بکات، لە نموونەی دەوڵەت نەتەوەکانی رۆژئاوا.

بۆیە ئەگەر رۆژئاوای ئەوروپا وەکو نموونەیەکی پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوە تەماشا بکەین، دەبینین "میکانیزمەکانی گوزەر لە رەفتاری مرۆڤەکانەوە، تا میکانیزمەکانی گوزەر لە دەرەبەگایەتییەوە تا دەگاتە دەوڵەت-نەتەوە لەڕێگای پەرەسەندنی مۆنۆپۆلکردنی ئامرازەکانی زەبروزەنگ"دا بووە (Sadiq, 2017: 23). بەو جۆرە، "پرۆسەی ژیار، لە رۆژئاوای ئەوروپا، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرمایەدار، شارستانی و پیشەسازی هاتە کایەوە، ئەو یەکە کۆمەڵایەتییانەش، سەرەتا لەڕێی جەنگەوە هاتنە بوون" (Dunning & Hughes, 2013: 97). مەبەستیش لەمەدا، پرۆسەی گواستنەوەیە، لە دۆخێکی سەرەتاییدا، بۆ دۆخە پێشکەتووەکان. مۆنۆپۆلی ئامرازەکانی زەبروزەنگ لێرەدا، بە جەنگیشەوە، لە پرۆسەی گواستنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، زۆربەی کێشەکانی چارەسەرکردن، دوایی لەڕێی پەیماننامەی هەمەجۆردا گەیشتنە رێککەوتنی جیاواز بۆ وەلانانی شەڕ و بیرکردنەوە لە ئەلتەرناتیڤەکانی. ئەو گواستنەوەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەك هەر رووی نەدا، بەڵکو بەهۆی سەپاندنی مۆدێلەکانی دەوڵەت-نەتەوە، لەڕێی خودی کۆلۆنیالیزم خۆیەوە، نەتەوەیەکی وەکو کوردی کرد بە پەڕاوێزی پەڕاوێز و کەوتە دۆخێکی ئاڵۆزی سۆسیۆ-جیۆ-پۆلیتیکی و بێ ئاکام. لێرەدا، جۆر و هێزی ئینتیگرەیشن، رۆڵی گرنگ

دەبینن. بۆیە "لەکاتی گواستنەوەدا بۆ ئاستێکی نوێ لە ئینتیگرەیشن لەناو دەوڵەت نەتەوەدا، زۆربەی جاران ئاڵۆزی و گرژی لەنێوان زۆرینە و کەمینەدا سەر هەڵدەدەن" (Fletcher, 1997: 161). لێرەدا ئەلیاس دەڵێت، "تاواندنەوە یەك وەڵامە بۆ ئەو کێشەیە، بەڵام هەمیشە پڕۆسەیەکی درێژخایەنە، کە لەوانەیە سێ وەچە درێژ ببێتەوە بەلانی کەمەوە" (Ibid). بەو جۆرە رۆژئاواییەکان تا ئاستێکی سەرسوڕهێنەر سەرکەتوو بوون لەو پڕۆسەیەدا، یەکێکیش لە ئەگەرەکانی ئەو سەرکەوتنە ئەو بەها سیاسی، قانونی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییە مرۆییانەبوون کە دەوڵەت نەتەوە لە رۆژئاوادا لەگەڵ خۆی هاوردنی.

لە نموونەی رۆژهەڵاتدا، کە دێینە سەر پرسی پێگەی کورد لە پەیوەندی بە پێتەخت و گەلانی سەردەستەوە، رووبەڕووی چەمکی نایەکسانی دەبینەوە، نایەکسانی وەکو دۆخێکی نابەرامبەر لەنێوان ناوەند و پەڕاوێزدا، یاخود ئەو چوارچێوەیەی کە ئەلیاس ناوی ناوە دامەزراو و دەرەکی (The Established and the Outsiders). یەکسانی یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە گەلی سەردەست لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەدا دەستەبەری نەکردووە. بۆیە لە مۆدێلی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەو دۆخەی کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە پەیوەندی نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا، ناوەند و پەڕاوێز، هەژموندار و هەژموون لەسەرکراو، یا دامەزراو و دەرەکیدا، هەمیشە چەمکی "زەبروزەنگە". بۆیە گاڵتەنگ، لە چوارچێوەی پەیوەندیی نایەکساندا دەڵێت: "چۆن وێنا، یاخود لێکدانەوەی بۆ بکەین و چۆن چارەسەری نەبوونی یەکسانی بکەین، وەکو یەکێك لە فۆرمە سەرەکییەکانی توندوتیژیی بونیادی" (گاڵتەنگ، 1971: 81).

لێرەدا، گاڵتەنگ لە پرسی رزگاربوون لە هەژموونی ناوەند، باس لە سیستەمی رزگاربوون دەکات و پێی وایە هەر تیۆرییەك بۆ رزگاربوون لە توندوتیژی بونیادی، پێویستی بە چەند تیۆرییەکی پوخت و کاریگەری تایبەت بە سیستەمی زاڵبوون (Domination) هەیە، کە لەلایەن نەتەوە بندەستەکانەوە هەوڵی خۆلێڕزگارکردنی دەدرێت. "تایپی تایبەتیش بە سیستەمی زاڵبوون کە دەمانەوێت گفتوگۆی لەسەر بکەین ئیمپریالیزمە" (گاڵتەنگ، 1971: 81).

بۆ ئەوەی بێمە سەر ئەسڵی مەبەست و دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەی کە نەتەوەی کورد بە ناوەندی دەسەڵاتەوە دەبەستێتەوە، لە چوارچێوەی پڕۆسەی ژیاردا، دەبێت ناوێك بۆ ئەو پەیوەندییە هەبێت، هەروەها دۆخێکی تایبەتیش بۆ ئەو

پەیوەندییە هەبێت، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پنتێك بۆ دەرچوون لە هەژموون و زاڵبوونی ئەوانی دی. لەو چوارچێوەیەشدا، ئایا ئەوەی کە کورد و عەرەبی بەیەکەوە گرێ داوە، پەیوەندی نێوان دوو نەتەوەی یەکسانە؟ ئایا لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییەدا، نەتەوەی کورد توانیویەتی درێژە بە پرۆسەی شارستانی خۆی بدات و پەیوەندییە ئالوگۆڕەکانی لەپێناو ئایندەی خۆی وەگەڕ بخات؟ ئەگەر بەجۆرێکی دیکە بپرسین، ئایا کورد عێراقییە و خۆی بە عێراقی دادەنێت؟ یا بەمانایەکی دیکە، ئایا عێراق نیشتمانی کوردە، هەر لە ئوم قەسر و بەسرە و دیوانییەوە بگرە تا دەگاتە روتبە و رومادی و سامەڕا، یا عێراق رۆڵی دەسەڵاتێکی کۆلۆنیال دەگێرێت و دەسەڵاتی بەغدا بەمانا ئینگلیزییەکەی کۆلۆنیالیزمە، وەکو ئەوەی بێشکچی جەختی لەسەر دەکاتەوە، یا شتێکی دی، لەنێوان ئەمانە؟

لەو چوارچێوەیەدا، لە دووتوێی تەواوی ئەو رووداوە توندوتیژانەی کە بەسەر ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستاندا هاتوون، دەتوانین بەئاسانی گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو دۆخەی خەڵکی کوردستان لە عێراق بەدرێژایی سەدەی بیستەم و دواتریش هەیبووە و هەیەتی، پێگەی "پەراوێز"ە لەبەرامبەر ناوەند (بەغدا). هەژموونی بەغدا بەسەر تەواوی باشووری کوردستاندا هەژموونێکی حاشاهەڵنەگرە. وێڕای ئەوەش بەدرێژایی سەدەی بیستەم و دواتریش، ئەو پەیوەندییە هەمیشە بە دۆخێکی توندوتیژ و زەبروزەنگاویدا تێپەڕ بووە، تا گەیشتۆتە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بەبێ ئەوەی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توانیبێتیان مۆدێلێکی تایبەت بەخۆیان بئافرێنن بۆ چارەسەری گرفتە گەورەکانی ململانێ، یا سوود لە بەها رۆژئاواییەکان وەربگرن.

جگە لەوەش، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە باشووری کوردستان، نەك هەمووی، بۆیە دەکرێت باشووری کوردستان بە دوو ئاستی جیاواز شرۆڤە بکرێت، چونکە بە دوو دۆخی جیاوازدا تێپەڕ دەبن. بەر لە راپەڕین، تەواوی باشووری کوردستان، تا 1991 لە دۆخێکی تەواوی فۆرمی کۆلۆنیالیزمدا دەژیا، بەبێ ئەوەی مافی نەتەوەیەکی کۆلۆنیکراویشی پێ رەوا ببیندرێت. بەڵام هەر دوای راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان لە ساڵی 1991، پێگەی بەشێك لە باشووری کوردستان گۆڕا، لە کۆلۆنیالیزمێکی راستەوخۆوە بۆ دۆخێکی نزیکتر لە فۆرمە گشتییەکەی ئیمپریالیزم. ئەم دۆخەیش لە رێفراندەمی 25ی مانگی نۆی 2017دا

بەتەواوی کەوتە رۆژەڤەوە. بینیمان چۆن هەرێمێکی لاواز و پڕ لە کێشە، کەوتۆتە بەرامبەر ژمارەیەك دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکە و لەژێر هەڕەشەی سەربازی "ناوەند"دا لەسەر ئاستی سیاسی، سەربازی، ئابووری و لۆجیستیکی و تەنانەت ئایدیۆلۆژیش رووبەڕووی توندوتیژییەکی بونیادی دەبێتەوە.

لێرەدا، کۆلۆنیالیزم، لە فۆرمە راستەوخۆکەی داگیرکاری و ئیمپریالیزم لە فۆرمە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکەی داگیرکاری، دوو وەسفی لێك نزیکن، بۆ دیاریکردنی پەیوەندی ناوەندێکی هەژموونداری لەڕووی ئەمنی و ئابووری و کولتوورییەوە. باوەڕهێنان بەو وەسفە، گرنگە بۆ نەتەوەیەك کە بیەوێت کۆتاییەك بۆ پەڕاوێزبوونی خۆی دابنێت، هەروەها لەڕووی سایکۆلۆژیشەوە بۆ ناوەند گرنگە بۆ ئەوەی لەوە تێبگات کە ئەو بەشەی کوردستانی باشوور، بەشێك نییە لە دەوڵەتی عێڕاق، یا بەشێك لەو دونیایەی کە بەعس ناوی نابوو نیشتمانی عەرەبی.

جیا لەو تێگەیشتنەی سەرەوەش، گرینگە لە جیاوازی نێوان کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیش تێ بگەین. ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دەکرێت هەردوو وەسفی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمیان پێ بدرێت. بۆ زانینی جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەمکە، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ جیاکارییەکەی تیۆریزانی تایبەتمەند لە پۆست کۆلۆنیالیزم، رەخنەگری بواری کولتوور و مێژووناس رۆبەرت یۆنگ، کە پێی وایە:

> "کۆلۆنییەکان، پارچەی جیاواز بوون لە کۆی ئیمپریاتۆرییەت. ئیمپراتۆرییەت، گشتەکەیە، وێنە تەواوەکەیە. کۆلۆنییەکان بەرهەم و موڵکی دەوڵەتی ئیمپراتۆرین و لە روانگەی سەنتراڵەوە وەها دەبیندرێن. دوابەدوای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم، ئیمپریالیزم بۆ پەرەسەندن و پارێزگاریکردن لە دەسەڵات (هەژموون)ی وڵاتێك بەسەر وڵاتێکی دیکەدا، لەڕێی ئابووریی، دیپلۆماسی و کولتوورییەوە، بەکار هات، تەنانەت لە حاڵەتی نەبوونی کۆلۆنیالیزمێکی راستەوخۆشدا." (Young, 2015: 53).

بەو جۆرە، ئیمپریالیزم رەهەندێکی قوڵتر و ترسناکتری وەرگرت لە کۆلۆنیالیزم. ئەو وەسفەش ئێستا وردتر بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا (ئەوانەی کە کوردستانیان بەسەردا

دابەش کراوە) دەچەسپێت، بەوەی کە بەیەکەوە سیستەمێکی سیاسی (ئیمپریالی) پڕاوپڕ لە نکوڵیکردن و هەمیشە بەیەکەوە هاوکار بۆ هێشتنەوەی کورد لەو دۆخە پەراوێزە دابەشکراوە سەربازییە دواکەوتووە وێرانکارییە نالەبارەی کە لەڕووی سیاسی و ئابووری و کولتووریدا تێی کەوتوون، بەڕێوە دەبەن. مەترسی ئەو سیستەمە لەوەدایە کە چوار دەوڵەت لەو ناوچەیەدا لەسەر هیچ شتێك کۆك نەبن، لەسەر هێشتنەوەی نەتەوەی کورد لەو دۆخە ریزپەڕەی کە تێیدایە، کۆکن. چوار دەوڵەت، کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، هەر یەکە و لەچوارچێوەی جوگرافییای خۆی (بە شەرعییەتی نێودەوڵەتی) بەئاراستەی پاراستنی هەژموونی نکوڵیکردن و سڕینەوە و بەدواکەوتوویی هێشتنەوەی کوردی پارچەکانی خۆیان کار دەکەن. سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی کۆلۆنیالیستانە بەو پەڕی بێ مۆڕاڵییەوە بەڕێوە دەبەن، باری نائاسایی بۆ هەر نارازیبوون و جموجۆڵێکی سیاسییانە لەو پارچانەی کوردستان رادەگەیەنن. وێڕای ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەردەوامیش لەگەڵ یەکدی لە هەماهەنگی دان لە پەیوەندی بە واقیعی کۆی هەر چوار پارچەی کوردستانەوە. لە رێفراندەمی باشووری کوردستانیشدا، ئەو سیاسەتە ئیمپریالیستییە بەو پەڕی بێ مۆڕاڵیی کۆلۆنیالیستەکان، کەوتە رۆژەڤەوە.

چیرۆکی کۆلۆنیالیزم بەگشتی، مێژوویەکی دوور و درێژی لە چەوساندنەوە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە، تا دەگاتە تاوانی جینۆساید. ئەمەش سیفەتێکی سروشتی کۆلۆنیالیزمە و دەکرێت وەکو پێوەر لێی بڕوانین، کە هەر خۆی لە هەژموونداناوی ناوەند بەسەر پەراوێزدا دەنوێنێت، بەگرتنەبەری هەموو جۆرە فۆرمێکی زەبروزەنگ. لێرەدا، لە نموونەی دەوڵەتی عێراقدا، ئێمە لەبەردەم رەفتارێکی کۆلۆنیالیستانە داین کە بەکارهێنانی زەبروزەنگە بە پرۆسەی جینۆسایدیشەوە، بەڵام لەفۆرمی دەوڵەتێك کە لەڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، عێراق دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانە و دوور و نزیك ناچێتە چوارچێوەی فۆرمێکی کۆلۆنیالستانەوە. پڕۆسەی ژیار لەو جۆرە دۆخەدا، سەبارەت بە گەشەکردنی دەوڵەت نەتەوە، خۆی لە دوو بنەمای دیاریکراودا دەبینێتەوە، ئەوانیش مۆنۆپۆلکردنی ئامرازەکانی زەبروزەنگ و سەرچاوەکانی داراییین، بەو مانایەی تا دەوڵەت بەتەواوەتی مۆنۆپۆلی ئەو دوو بنەمایە نەکات، ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی سەقامگیر.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، چۆن بتوانین لەپرۆسەی ژیاردا چارەسەری رەفتاری کۆلۆنیالانە بکەین، کە خۆی لە کۆچپێکردنی بەزۆری، بەعەرەبکردن، وێرانکردن و بەکارهێنانی زەبروزەنگدا دەبینێتەوە؟ دەوڵەتێکمان هەیە بەپرۆسەی دەوڵەت/ نەتەوەدا تێدەپەڕێت. دەیەوێت وەکو دەوڵەت نەتەوەکانی دیکە، تەماشا بکرێت و خۆی بەڕێوە ببات. شەرعییەتی قانونی و نێودەوڵەتیشی هەیە، بەڵام لەجیاتی پرۆسەی ژیار تیایدا بەشێوەیەکی ستونی بەڕێوە بچێت، بەردەوام لە پاشەکشە و تێکشکان دایە، وەکو ئەوەی کە فلێچەر ئاماژەی پێ دەکات: "کە زەبروزەنگیش کۆتایی پێ نەهات، پەرەسەندنی درێژبوونەوەی ئاڵقەکانی پشت بەیەکدی بەستن روونادات" .(Fletcher, 1997: 53)

کێشەی نۆربێرت ئەلیاس لەدوو چەمکدا گیر دەخوات و وەڵامی نەداونەتەوە یا پشتگوێی خستوون، بەتایبەتیش کە باسی ئەڵمانیای نازی دەکات لە تێکشکاندن و جینۆسایدی جووەکان، ئەوانیش شەرعییەت و کۆلۆنیالیزمن. ئەڵمانییای نازی پێکهاتەیەکی گرنگی ئەڵمانی لەچوارچێوەی دەوڵەت/ نەتەوەدا لەڕێی زەبروزەنگەوە، تێکشکاند. لێرەدا ئەلیاس خۆی لەقەرەی شەرعییەت نادات، کاتێك دەوڵەت مۆنۆپۆلی ئامرازەکانی زەبروزەنگ دەکات، هەموو سەرچاوەکانی داراییشی لەبەردەست دان، لەو رێیەشەوە لە پرۆسەی بەردەوامی بیناکردنی دەوڵەت/ نەتەوەدا، جووەکان بەمەترسی لەسەر دەوڵەت دەزانێت و لەڕێی زەبروزەنگەوە تێکیان دەشکێنێت. بۆیەشە، فلێچەر دەڵێت: "ئەو شەرعییەتەی کە حکومەت داوای دەکات دەبێ پاساوی هەبێت. بێگومان، پێوەرەکانی شەرعییەت لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی دیکە، یا لە چینێکەوە بۆ چینێکی دیکە، دەگۆڕێن" (Fletcher, 1997: 51). ناکرێت هەر بە پاساوی ئەوەی کە دەوڵەت شەرعییەتی نێودەوڵەتی هەیە، لەدەرەوەی بەها و بنەما نێودەوڵەتییە جیهانییەکان هاوڵاتییانی خۆی قڕ بکات. لە مەسەلەی کۆلۆنیالیزمیشدا بەهەمان شێوە فلێچەر رەخنە لە ئەلیاس دەگرێت و دەڵێت "دیارە کە ئەلیاس رۆڵی زەبروزەنگی میکانیکی لە حاڵەتی پرۆسەی کۆلۆنیالیزمدا، بەتەواوی پشتگوێ خستووە" (Fletcher, 1997: 52). بۆیە پرۆسەی ژیار لەدەرەوەی پێوەرەکانی ئەو پرۆسەیەدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە تێکشکاندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە پشت لەیەکدی کردن لەنێوان پێکهاتەکاندا روو دەدات و ئاڵقەکانی پەیوەندی بەرەو پچڕان دەڕۆن.

هەر لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمدا، ئاشیشناندی لە کتێبەکەیدا "دوژمنی ئاشنا" ( The Intimate Enemy)، باس لە پەیوەندییەکی دیالێکتیك لەنێوان دەسەڵاتی داگیرکەر و میللەتێکی داگیرکراودا دەکات، بەتایبەتیش فۆرمە نوێیەکانی داگیرکاری. ئەو پێی وایە داگیرکەری نوێ ئەقڵەکان داگیر دەکات (Nandy, 2015). چیدی قسە لە داگیرکارێك ناکرێت کە پەیوەندی بە جوگرافیا و زەمەنێکی تایبەتەوە هەبێت، بەڵکو ئیدی داگیرکەر بووە بە پێکهاتەیەکی سایکۆلۆژی و لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە. ئەم داگیرکارییە بەپێی شوێن و جۆری داگیرکەر دەگۆڕێت. هەموو داگیرکەرێك جۆرێك لە سەنترالیزمی کولتووری بۆخۆی دروست دەکات. ئەو جۆرە سەنترالیزمە پێویستی بە هێزی سەربازی و ئەمنی نییە. دوای دروستبوونی و داگیرکردنی پێکهاتەکانی دەوروبەری خۆی، هەژموون پەیدا دەکات و کۆدی هەمەجۆر دروست دەکات بۆ پاراستنی خۆی وەکو هێزێکی هەژموونددار. لێرەدا، هەرچەندە یۆرۆسەنتریزم دەستی لە هەموو سەنترالیزمەکان سەندووە، بەڵام کۆمەڵێك سەنترالیزمی لۆکاڵی هەن و لە هەرێمەکانی خۆیاندا ئەگەر نمرە یەکیش نەبن، وەکو نمرە دوو کاران. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عەرەب-سەنتریزم[8]، کە هەندێك جار لە فۆرمی ئیسلامۆ-سەنتریزمدا خۆی بەیان دەکات، یەکێکە لەو سەنترالیزمانەی جۆرێکە لە کولتوور و لە هەموو دەڤەرێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە فۆرمی جیاوازەوە، ئامادەیی هەیە. یەکێکیش لەو دەڤەرانە عێراقە، بە کوردستانی ژێردەستیشییەوە.

هەر بەهۆی ئەو سەنترالیزمەوە، وێڕای هەموو ئەو بنەمایانەی سەرەوە، خاڵێکی جەوهەری دیکە هەیە کە هەمیشە ئاکاری کۆلۆنیالیزمی پێ دەناسرێتەوە، ئەویش "سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە"یە، کە بێشکچی بە یەکێك لە خەسڵەتەکانی کۆلۆنیالیزمی دەپەژرێنێت. ئەم بنەمایە، لە توێژینەوەیەکدا بەوردی لەلایەن ئێریك پۆسنەر، کاتەرین سپیر و ئەدریان ڤێرمیول شرۆڤە کراوە. ئەو سیاسەتە لە رۆمانەکانەوە درێژ دەبێتەوە تا بە هەموو کۆلۆنیالیستەکاندا تێپەڕ دەبێت. بەو جۆرەش "دابەشکردن،

---

[8] عەرەب-سەنتریزم (Sadiq, I., 2016:189)، یەکێکە لەو چەمکە سەرەکییانەی کە لە تێزی دتۆراکەمدا بەوردی باسم کردووە. عەرەب سەنتریزم، چ لەڕێی ئیسلامەوە بێت، یا لەڕێی هونەر و ئەدەب و کولتوور، کاریگەرییەکەی زۆر زەقی بەسەر توێژێکی زۆری کوردەوە دیار و حاشاهەڵنەگرە. ئەم سەنترالیزمەی نەتەوەی سەردەست لەباکوور و رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر کورد داناوە. هەڵبەت باکوور لەژێر هەژموونی تورکۆسەنتریزم، هەمیشە لەگیانەڵادا بووە .

پەرتکردن و زاڵبوون، ستراتیژێکی دێرین و باڵای زۆرێك لە هێزە کۆلۆنیالیست و ئیمپریالیستەکان بووە. کێشەی ئەوان هەمیشە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زۆرترین رێژەی زاڵبوون بووە بەکەمترین تێچوون و هێز" (Posner et al, 2009: 26). ئەم زاڵبوونە لە زەمەنی ئەمرۆماندا، لەرێی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی نەرم پێرەوی لێدەکرێت، کە زۆر ترسناکترە لە بەکارهێنانی هێزی زبر. هەڵبەت ئەمەش لەرێی زەمینەسازکردن بووە بۆ وەها دۆخێك کە لەپێناو زاڵبوون بەسەریاندا "زۆرجاران، هێزە کۆلۆنیالەکان دۆخێکیان خوڵقاندووە کە تیایدا هانی ململانێی رەگەزییان داوە" (Marker, 2003). بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، هەموو جۆرە ئامرازێکیان گرتۆتە بەر و سڵیان لە هیچ نەکردۆتەوە. ماکیافیللیش لەو بارەیەوە، بەوردی لەسەری وەستاوە و پاساوی بۆ هێناوەتەوە (Machiavelli & Cust, 1967).

لە ئاکامی ئەم سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەیەدا، پرۆژەی هەرە دیاری حزبی بەعس لە عێراق پەرتکردن و لەتکرنی کورد بووە، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی کوردی و گەیشتن بە سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەی خۆی. هەر لەو بارەیەشەوە ئیسحاق ناکاش دەربارەی شیعەکانی عێراق دەڵێت: "ئامانجە سیاسییە جیاوازەکانی شیعە و کورد، لە دەستی سەددام حوسێندا، رۆڵی دیاری هەبووە لەپێناو مانەوەی رژێمەکەی خۆیدا. سەرۆکی عێراق ئەو دوو گرووپەی دابەشکردن، وەکو پێرەوکردن لە سیاسەتی پەرتکە و زاڵ بە و سیاسەتی گێزەر و شولك" (Nakash, 2003: 278). هەموو ئەم پێوەرانە نەخشەرێگایەکن بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی ئەو پەیوەندییەی کە نەتەوەیەکی وەکو نەتەوەی کورد بە نەتەوە سەردەستەکانەوە دەبەستێتەوە. بەو پێیەش، چەندین سیاسەتی هەمەجۆر لەدژی نەتەوەی کورد پێرەویان لێکراوە بێ ئەوەی درك بەجۆری دژمنکاری و وێرانکاری ئەو سیاسەتانەش بکرێت. 16ی ئۆکتۆبەری دوو هەزار و حەڤدەش بەهەموو لێکەوتەکانییەوە، بەشێك بوو لەو چوارچێوەی کە کورد تیایدا پەرت کرا و بەسەریدا زاڵ بوون، وێرای ئەوەی کە ئەو سیاسەتە درێژەی هەیە و دەبیێت. کەواتە، پەرەسەندنی ئەم پەیوەندییەی نێوان ناوەند و پەراوێز، یاخود دامەزراو و دەرەکی، بەهەردوو دیوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەیەوە، راستەوخۆ دەچێتە ناو چوارچێوەی پرۆسەی ژیار و تێکشکانی ژیارەوە (Civilising and De-civilising process). چەند ئەو پەیوەندییە دوژمنکارانە و داپلۆسێنەرانە بێت، هێندە لە تێکشکانی ژیار نزیك دەبینەوە، چەندیش ئەو پەیوەندییە بەرەو یەکسانی نێوان

ناوەند و پەڕاوێز بڕوات و لە توندوتیژی دوور بکەوێتەوە، هێندە پڕۆسەی ژیار بە هێڵێکی هەڵکشاودا تێپەڕ دەبێت و دۆخی کۆلۆنیالیزم تێدەپەڕێنرێت.

## ئایا کورد نەتەوەیەکی داگیرکراوە؟

لە چوارچێوەی تیۆری پڕۆسەی ژیاردا، لە ئاماژەکردنی بە ڕەوڕەوەی گەشەسەندنی دەوڵەت و ئەو ئاڕاستەیەی کە دەیگرێتە بەر، بەبێ ئەوەی ئاڕاستەکە گرێنتی سەرکەوتنی هەبێت، تێکشکانیش دەبێتە یەکێك لە ئەگەرەکان. ئەم تێکشکانە هەلومەرجی خۆی هەن، لەوانە وێڕای مۆنۆپۆلکردنی هێز و سەرچاوەی دارایی لەلایەن دەوڵەتەوە، بەهێزی یا لاوازیی ئەو ئاڵقانەی کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دەوڵەتدا بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئاڕاستەی سەرکەوتن یا شکستی دەوڵەت دیاری دەکەن. بۆ مەبەستی تێگەیشتن لەوەی داخۆ ئاڵقەکانی پشت بەیەک بەستنی پێکهاتەکان، تایبەت بە دەوڵەت نەتەوە لە عێراقدا چۆن بەڕێوە دەچێت، لە پرسیارنامەیەکدا، کە تایبەت بوو بەو توێژینەوەیە، لەجیاتی ئەوەی لە سەرەوە (کۆمەڵناسی درشت یا ماکرۆ) قسە لە هەموو ئاڵقەکانی جڤاتی عێراقی بکرێت، قسە لەسەر یەك پێکهاتە کراوە، کە جڤاتی کوردییە (کۆمەڵناسی ورد یا میکرۆ)، واتە لە ڕوانگەی جڤاتی کوردییەوە، لە ناوەوە یا لە دیوێکییەوە، بەوردی تەماشای ئەو ئاڵقەیە دەکەین داخۆ تاچەند ئەو پێکهاتەیە ئاڵقەیەکی وابەستە و بەهێزە بە دەسەڵاتی بەغدا و بە پێکهاتەی گەلی سەردەست، یاخود بە جڤاتەکانی دیکەی عێراق، بەگشتیش جڤاتی عەرەب. لێرەدا گریمانەی سەرەکی ئەوەیە چەند تێڕوانینی کوردان بە ئاڕاستەی جیابوونەوە و ئاوێتەنەبوون بن، هێندە بەڵگەی شکستی دەوڵەتە و لە ئاکامیشدا شکستی پڕۆسەی ژیارە. چەندیش وەڵامەکان بە ئاڕاستەی خۆ بە هاونیشتمانی عێراقی زانین و نزیکبوونەوە لە گەلی سەردەست بن، هێندە بەمانای سەرکەوتنی ئەو دەوڵەتە دێت و پڕۆسەی ژیار لە بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراق، بەرەو سەرکەوتن دەبێت.

بۆ دۆزینەوەی ئەو خەسڵەتانەی کە هەژموندار و هەژموونلەسەرکراو، کۆلۆنیالیست و بەکۆلۆنیکراو، بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەتایبەتیش لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستمان بە دیاریکردنی هەندێك چەمکی تایبەت هەیە بۆ دەستنیشانکردنی جۆر و مۆدێلی ئەو پەیوەندییە. لەوێشەوە دەتوانین بەهێزی و بێهێزی، درێژی و کورتیی

ئاڵقە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەستنیشان بکەین. پێویستمان بە دەستنیشانکردنی ئەو خەسڵەتانە هەیە، بۆ ئەوەی لەدووتوێی ژمارەیەك چەمک و دەستەواژەی جیاوازەوە، راستی و دروستیی بوون یا نەبوونی کۆمەڵگەی عێراقیمان بۆ دەربکەوێت.

لەو بارەیەشەوە، وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێکرد، پرسیارنامەیەك ئامادە کرا، بۆ ئەوەی بزانین داخۆ خەڵك چۆن تەماشای پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ غەیری خۆیان دەکەن. بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا هەر لەڕێی ئەوانیشەوە لە پڕۆسەی ژیار تێبگەین. ئەنجامەکانی ئەم فۆرمە کە بە ئیمەیل و واتسئەپ و ماسنجەر بۆ زیاتر لە 400 کەس نێردرا و دواییش بە ئۆنلاین بڵاوکرایەوە، ئاستی وشیاریی بەشداربووەکان بەدۆخی ئەو پەیوەندییەی کە کورد پێیدا دەڕوات، دەخاتە روو؛ پەیوەندییەك کە بەکۆمەڵێك قۆناغی زۆر ئاڵۆزدا تێپەڕیوە و تائێستاش لەو دۆخەدا بەردەوامە. لە ئاکامدا ٣٣٧ کەس وەڵامی پرسیارنامەکەیان دایەوە.

تێڕوانینی خەڵك، لەسەر هەردوو ئاستی هەست و نەستدا، بەتایبەتیش لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، بۆ دەوڵەت، کاریگەری هەیە لەسەر سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. کاتێك هاوڵاتییان، دەوڵەتێك نەك هەر بە هی خۆیان نازانن، بەڵکو بەداگیرکەریشی تێدەگەن، ئەستەمە خودی پڕۆسەی ئینتیگرەیشن سەربگرێت، ئەگەر ئەو دەوڵەتە مەبەستیشی بێت ئەو هاوڵاتییانە لە چوارچێوەی پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، بەیەکەوە ببەستێتەوە. ئا لێرەدا، روانگەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی هاوڵاتی کورد لە باشووری کوردستان بەئاسانی دەناسرێتەوە، کاتێك کە هەم دەوڵەت بەداگیرکەر دەزانێت، هەمیش لایەنی هەژمووندار، "کە لەو نموونەیەدا عەرەبی عێراقە، لەلایەك دەوڵەت بەهەموو رەگەزەکانییەوە بەهی خۆی دەزانێت، دەسەڵاتیش لەدەست خۆی دایە و دەیەوێت هەموو بەها و نۆرمەکانی خۆی بەسەر لایەنی پەراوێزخراودا بسەپێنێت کە لێرەدا کوردە"، ئەوکاتە زۆر ئاسانە لەوە تێبگەین کە مەحاڵە پڕۆسەی ئینتیگرەیشن، بەتایبەتیش ئەگەر دیوە زۆر نێگەتیڤەکەی بێت کە تاواندنەوەیە (assimilation)، سەربگرێت. بۆیە، ئاساییە ئەنجامەکان بە ئاڕاستەی پشتیوانیکردن لە ئەرگومێنتی ئەو توێژینەوەدا بڕۆن کە جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی؛ ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی کۆلۆنیالیستانەیە، بەتایبەتیش کە بە پڕۆسەی جینۆسایددا تێپەڕیوە.

بەشداربووانی رووپێوەکەمان بە رێژەکانی 65٪ و 64.1٪ هەم دەوڵەتی عێراق بە داگیرکەر دەزانن، هەمیش نەتەوەی عەرەب لە عێراق بە نەتەوەی سەردەست و داگیرکەر دەزانن. ئەمە رێك ئاماژەی شڵەژان و شکستی پرۆسەی ژیارە چونکە بەڵگەی ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتی و دەروونیی کوردە لە نێو دەوڵەتی عێراق. هەڵبەت ئەم هەستی داگیرکراوبوونە بۆی هەیە کۆمەڵێك ئاکامی جیاواز بەدوای خۆیدا بێنێت. ئەو هەستکردنە، بۆی هەیە راستەقینە بێت، لەئەنجامی ئەو زەبروزەنگەی کە دەوڵەتی عێراق لە دژی خەڵکی کوردستان بەکاری هێناوە. ئەگەر دەوڵەت لەپێناو بەیەکگرتوویی هێشتنەوەی وڵات پەنای بۆ زەبروزەنگ بردبێت، ئەوە لە ئاکامدا، شتێکی دیکەی دۆڕاندووە، ئەویش پابەندبوونی هاوڵاتییانی کوردە بەو دەوڵەتەوە لەڕووی مۆڕاڵەوە، هەروەها پچڕانی ئەو ئاڵقە کۆمەڵایەتییەی کوردە بە ئاڵقە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی عێراقەوە. بۆیەشە، وەکو لە تیۆری ژیاردا فلێچەر جەختی لەسەر دەکاتەوە و دەڵێت "کە توندوتیژیش کۆتایی پێ نەهات، پەرەسەندن و درێژبوونەوەی ئاڵقەکانی پشت بەیەکدی بەستن روونادات" (Fletcher, 1997: 53). ئەم ئەنجامەش مانای وایە ئەو ئاڵقە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە دانیشتوانی کوردستان، بە ناوەند و باشوور دەبەستێتەوە، بەرێژەیەکی زۆر، لاواز و بنکۆڵن.

هاوشان لەگەڵ ئەوەدا، رێژەی 25% نمونەی توێژینەوە، نە خۆیان بە داگیرکراو و نە دەوڵەتی عێراقیش بە داگیرکەر دەزانن. بە رای ئێمە ئەمە بۆ دوو بابەتی سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەمییان: دەسەڵاتی عەرەبی لە بەغدا، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەوڵەت نەتەوەکان، بەتایبەتیش لە ئەوروپا، ویستوویەتی پێکهاتە ناعەرەبەکانی عێراق بهاڕێت و لەناو پێکهاتەی زۆرینەدا بیانتاوێنێتەوە، نەك پرۆسەی ئینتیگرەیشن هەموو پێکهاتەکان بگرێتەوە و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون و یەکسانی لەبەرامبەر قانون بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بکرێت. ئەم هەوڵەی دەسەڵاتی بەغدا لە یەکەم چرکەی هاتنەسەردەسەڵاتیماڵباتی شا فەیسەڵ، بە سەپاندنی بەها و نۆرمەکانی عەرەب، هەر لەسەرەتاوە ئەو دەوڵەتە نوێیەی دووچاری قەیران کردەوە. بۆیە ئەگەر پێکهاتەیەك کە بۆ زیاتر لە نەوەد ساڵ لەژێر هەژموونی نەتەوەی سەردەستدا بێت، ئاساییە ئەو رێژەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك سیاسەتی کۆلۆنیالیستانەدا، نەتەوەی سەردەست بە کۆلۆنیالیست هەژمار نەکەن، چونکە پرۆسەی تەعریب یەکێکە لەو

فۆڕمە توندوتیژانەی کە بەشێوەیەکی سیستەماتیك لە عێراق پەیڕەو کراوە. وەکو ئەوەی کە ئەندریاس ویلمەر لە کتێبەکەیدا بەناوی پەراوێزخستنی نەتەوەیی و ململانێی ئیتنی جەخت لەسەر پرۆسەی تەعریب لە عێراق دەکاتەوە و دەڵێت "هەڵکشانی هێزی پان عەرەبیزم، لەکۆتاییدا عەرەباندنی سوپا و بە ئامرازەکانی دەوڵەتە" (Wimmer, 2002: 176).

دووەم: عەرەب سەنتریزم، بەمانای زاڵکردنی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەی سەردەست کە عەرەبە، لە هەر جۆرە فۆڕمێکدا بێت، بەتێپەڕینی کات بەشێك لە هاوڵاتیيانی هەرێمی بەکۆڵۆنیکراو رادەپێچێتە ناو سیاسەت و دونیابینی خۆیەوە. ئاشیش نانادی لەو رووەوە پێی وایە "داگیرکەری نوێ ئەقڵەکان داگیر دەکات". لەوانەشە چوونە ناو پرۆسەی توانەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە، جۆرێك بێت لە نائومێدی و نەگەیشتن بەهیچ ئەنجامێك، کە پێم وایە ئەم خاڵە لەناو کورددا زۆر زەقە. ئەمەش دەکرێت لە دوو خاڵدا خۆی ببینێتەوە:

یەک. لەو هەڵمەتە زۆرەی کە لەژێر کاریی چەند حزبێکی کوردستانەوە دەکرێتە سەر پرسی سەربەخۆیی و بیناکردنی دەوڵەت، کە زۆربەی جاران تەنها وەکو کاردانەوەی سیاسی خۆی دەنوێنێت، بەتایبەتیش دوای شکستهێنانی پرۆسەی رێفراندەم. لەبەرامبەریشدا کە پرۆسەی رێفراندەم لەسەر بنەمایەکی پتەوی ژێرخانی ئابووری و زەمینەسازییەکی تەواوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بینا نەکرابوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ نەبوونی متمانەیەکی سەرتاسەری. وەکو لەپێشەوەش ئاماژەمان پێکردووە، ئەم پرسیارنامەیە لە سەردەمی دوای پرۆسەی رێفراندەم بووە و هەر پێنج پارێزگاکەی باشووری کوردستانی گرتۆتەوە، کە خەڵك بەگشتی نائومێد بوون لەو دۆخەی کە بەهۆی رێفراندەمەوە دروست بوو، لەگەڵ ئەوەش دەنگدان بەئاراستەی جیابوونەوە و دابڕان لە عێراق پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیە کە عێراق دەوڵەتێکە هەڵگری خەسڵەتی کۆلۆنیالیزمە تا دەوڵەتێکی نیشتمانی.

دوو. لە ئەنجامی شکستی حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەییش بێت، خۆیان بە هەڵگری ناسنامەی کوردایەتی دەزانن، لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و ژیانێکی ئارام بۆ هاوڵاتیيانی هەرێم، رووبەڕووی شکستێکی رێژەیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

بەهەمان ئاڕاستەی هەژمارکردنی عێراق بە کۆلۆنیالیست، شانازینەکردنیش بە عێراقەوە پرسێکی دیکەیە. ئەگەر لەسەر بنەمای رێژەی 57.6٪، کە نەك هەر شانازی بە عێراقەوە ناکەن، بەڵکو رقیشییان لێی دەبێتەوە، بیبەستینەوە بەو رێژەیەش کە هیچ هەستێکییان نە بە نێگەتیڤ و نە بە پۆزەتیڤ بەرامبەر عێراق نییە، کە بەیەکەوە دەگاتە 93.5٪، پشتڕاستکردنەوەی شکستی هەموو هەوڵەکانی ئەو دەوڵەتە بووە بۆ شکستی پرۆسەی ئینتیگرەیشن کە تا راپەڕین دەکاتە زیاتر لە حەفتا ساڵ. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، ئەوانەش کە عێراق بە کۆلۆنیالیست نازانن، واپێدەچێت هەستیان بەرامبەر عێراق هەستێکی گەرموگوڕ نەبێت. هەر لەپاڵ شانازی نەکردنیشەوە، رقبوونەوە لە دەوڵەتێك کە پرۆسەی جینۆسایدی لەدژی ئەو خەڵکە جێبەجێ کردووە، گرنگە لەسەری بوەستین.

شانازی نەکردن بە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شکستی لەیەکترازانی ئەو ئاڵقە کۆمەڵایەتییانە کە پێکهاتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یاخود لەبنەڕەتدا ئەو ئاڵقە کۆمەڵایەتییانە نەبوون یا لاوازبوون. بیناکردنی کۆمەڵایەتییانەی تاکەکان لەناو کورددا، لەسەر بنەمای کوردبوون و کوردستانیبووندا بەڕێوە دەچێت. تەنانەت هی عەرەبی عێراقیش، هێندەی لەسەر بنەمای تائیفە و مەزهەبدا بەڕێوە دەچێت، هێندە لەسەر بنەمای عێراقیبوون بەڕێوە ناچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەوان لەگەڵ ئەو ناسنامە وردەش، عەرەبەکان شانازی بە عێراقیبوونییانەوە دەکەن، چونکە پەروەردەکردنییان لەسەر بنەمای عێراقیبوون دەبێت.

ئەگەر لە نەوەی دوای راپەڕینیش وردببینەوە، بەتایبەتیش دوای ساڵی 2003، ناڕازیبوونیشیان لە دەسەڵاتی کوردی بە هەر هۆکارێك بێت، وای نەکردووە شانازی بە عێراقیبوونەوە بکەن، وێڕای ئەوەش کە پرۆسەی سیاسی لە عێراق زۆر جیاوازە لەگەڵ دۆخی بەر لە 2003. ئەو رەفتارانەی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق لە ئاست خەڵکی باشووری کوردستان، بەتایبەتیش ئەنجامدانی پرۆسەی جینۆساید لەدژی نەتەوەکەیان، وای کردووە متمانە بە پرۆسەی سیاسی لە عێراق نەکرێت و سارێژکردنی کەلێنەکان و دروستکردنی متمانەش سەر لەنوێ، پێویستی بە کۆمەڵێك هەلومەرجەوە هەیە کە تا ئەمڕۆ ئەم هەلومەرجانە لە عێراق نەهاتوونەتە دی. بۆیە، ئەوەی لێرەدا کار دەکات، رق نییە بەقەد ئەوەی شکستی دەوڵەتی عێراقە لەوەی کە

کۆمەڵێك پردی جیاواز بۆ بەهێزکردنەوەی رایەڵی پەیوەندییەکان و ئاڵقەکانی پشتبەستن بە یەکدیکەوە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بکات.

جۆرێکی دیکە لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتی کۆلۆنیال و بەکۆلۆنیکراوان، هەموو ئەو کاریگەرییە دەروونی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییانەن کە دەوڵەتی کۆلۆنیال لە پڕۆسەیەکی دوورودرێژدا لەسەر بەکۆلۆنیکراوەکاندا دروستیان دەکات. لەوانەیە ئاساییترین پڕۆسەی بەکۆلۆنیکردنی ئەقڵیی مرۆڤەکان، پڕۆسەی ئینتیگرەیشن بێت لەپێناو تاواندنەوەی بەئامانجگیراوان. لەو رووەوە تاتیانا ساڤۆیا لاندینی، پێیوایە: "نۆربێرت ئەلیاس، ئەوەی خستۆتە روو، کە پڕۆسەی پێکهێنانی دەوڵەت، هاوزەمەنە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە غەریزە و ژیانی مرۆڤایەتی مرۆڤەکان، هەروەها لەگەڵ پێشکەوتنی توانای خەڵك لەسەر دانبەخۆداگرتن، لەوەش زیاتر، ئەو دوو پڕۆسەیەی پەرەسەندن، کە بریتین لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بەیەکەوە گرێدراون" (Landini & Depelteau, 2014).

بەو جۆرە پێکهێنانی دەوڵەت نەپڕۆسەیەکی ئاسانە نەهێندەش بێکاریگەرە، ئەگەر یەکێك بیەوێ بزانێت چ کارییەکی بەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤەکانەوە هەیە. لەوێوە لە کاریگەرییەکانی سەر سایکۆلۆژیای بەکۆلۆنیکراوان تێدەگەین. لەو رووەشەوە توێژینەوەیەك پێویستە داخۆ سایکۆلۆژیای خەڵکی کورد لەئاست نەتەوەی سەردەست کە عەرەبە، چۆنە و چۆن بیردەکاتەوە. لەو بارەیەوە، لێکۆڵینەوەی زۆر هەن، لەوانەش، هەردوو نوسەری کتێبی کۆلۆنیالیزم و سایکۆلۆژیای کولتوور پێیان وایە:

> "ڕژێمە کۆلۆنیالیستەکان، بەوردەکارییەوە لەڕێگای دیسکۆرسەوە، جیاوازی دەخەنە نێوان باڵایی کۆلۆنیالیزم، یاخود زیاتر شارستانیبوونیان لەزۆر شێوازی ژیاندا، لەگەڵ خەڵکی بەکۆلۆنیکراو کە بە نزمتر، یا دڕندە دەیانبینن" (Okazaki et al, 2008: 92).

لەوانەیە مرۆڤەکان هەست بەو خۆبەکەمزانینە نەکەن، چونکە لەچوارچێوەی پڕۆسەی سۆسیالیزەبووندا لەگەڵیان گەورە دەبێت و دەچێندرێت. لەپڕۆسەی سیاسی و هەڵوێست و لێدوانەکانی نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەکرێ زۆر ئاماژەی ئەو جۆرە خۆبەکەمزانینە بخوێنینەوە. ئەمەش ئەو دۆخەیە کە لە 70.9٪ی بەشداربووانی

پرسیارنامەکەی تایبەت بەو توێژینەوەیە، پەیوەندییەکی تەندروست بە عەرەبەوە نایان بەستێتەوە. ئەوە چش لەوەی کە ئەو جۆرە پەیوەندییە جۆرێکە لە تێکشکانی پرۆسەی ژیار و پچڕانی ئاڵقەکان، چونکە ئەو ئاڵقانەی کە تاکەکان یاخود گرووپەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە (Rohloff, 2012)، نەك هەر کورتتر دەبن بەڵکو دەبن بە وەهم و بێجگە لە پەیوەندی زەبروزەنگ، هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیك بەیەکەوە نایان بەستێتەوە.

بەگەڕانەوە بۆ چەمکی رق کە لەپێشەوە ئاماژەی پێکرا لە پەیوەندی بە دەوڵەتی عێراقەوە و وێڕای ئەو پەیوەندییە ناتەندروستەش کە خەڵکی کوردستان بە عەرەبەوە دەیان بەستێتەوە، وشیارییەکی باش لەناو کورددا هەیە سەبارەت بە روانینی بۆ ئەوی دیکەی عەرەب. بەو مانایەی خەڵکی کوردستان جیاوازی لەنێوان دەوڵەت و خەڵکدا دەکەن. راستە دەوڵەت بەسەدان تاوانی گەورەی بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجام داون، بەڵام ئەو تاوانانە هەرگیز نەبوونەتە هۆی تەشەنەکردنی رق لەناو کۆمەڵگەی کوردستانیدا. هەڵبەت ئەو رووداوانەی کە گەواهی سەرکەوتنی خەڵکی کوردستانن بەسەر رقدا زۆرن. دیارترینیان، هەر دوای تێپەرینی تەنها سێ ساڵ بەسەر شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لە ئازاری 1991 دا بەهەزاران سەربازی عەرەبی عێراق کەوتنە دەست هێزە کوردییەکان و بەناو کوچە و کۆڵانەکانی شارەکانی باشووری کوردستاندا بڵاوبوونەوە. بەڵام وێڕای ئەوەی کە هێشتا کوردستان خوێنی لێ دەچۆڕا، نەك هەر ئازارییان نەدان، بەڵکو بەرێزەوە خواردنیان بۆ ئامادە دەکرا و رەوانی ناوچەکانی خۆیان دەکرانەوە (Kurd, 2018). ئەمەش جۆرێکە لە سەرکەوتنی ئەخلاق بەسەر سۆز و رقی کوێرانەدا.

ئێستا بێینە سەر پەیوەندیی نێوان کۆلۆنیالیزم و جینۆساید، داخۆ هیچ جۆرە خزمایەتییەك لەنێوان ئەو دوو چەمك و دۆخەدا هەن؟ لەو بارەیەوە زۆر نوسراوە. کتێبێ "کۆلۆنیالیزم و جینۆساید" بەوردی شرۆڤەی پەیوەندیی نێوان ئەو دوو چەمکە دەکات. ئەمەش لەو راستییەوە دێت کە مەترسیی پرۆسەی جینۆساید هیچی لە مەترسیی پرۆسەی بەکۆلۆنیکردنی نەتەوەیەك کەمتر نییە. دەتوانم بەبێ سڵەمینەوە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە نوخبەی سیاسی و رۆشنبیری کورد تا ئەمرۆکەش زۆر خەمساردانە لەئاست چەمکی جینۆساید مامەڵەیان کردووە و نەیان توانیوە ئەو پەیوەندییە ترسناکەی نێوان کۆلۆنیالیزم و جینۆساید لەپێناو رێگریکردن لە

دووبارەبوونەوەی جینۆساید مۆبیلیزە بکەن. بەپێی تێگەیشتنی هەردوو نوسەری کتێبی کۆلۆنیالیزم و جینۆساید:

"کۆلۆنیالیزم نزیکییەکی ناوەکی لەگەڵ جینۆسایددا هەیە، ئەمەش لەسەر ئەوە دەوەستێت داخۆ مرۆڤ چۆن تێرمی جینۆساید پێناسە دەکات، چۆن کۆنسێپتوالیزەی نییەتی لەناوبردن دەکات و دەسنیشانکردنی ئەو لایەنە دەکات کە ئەو کارە دەسەپێنێت" (Moses & Stone, 2013: 162).

ئەمەش مانای وایە، لەهەر فۆرم و شێوازێکدا بێت، پەیوەندییەکی میکانیکی جەدەلی لەنێوان کۆلۆنیالیزم و جینۆسایددا هەیە. بۆیە ئەنجامەکانی کۆلۆنیالیزم، کە خۆی لەویدی جیاوازدا دەبینێتەوە، بەهۆی ئەو جیاوازییەشەوەیە، وەکو ئامرازێك پێڕەوی لە پڕۆسەی جینۆسایددا دەکات. ئەمەش لەخۆیدا لەو نموونەیەی کە مەیدانی توێژینەوەکەیە، نەتەوەی ناوەند و پەراوێز زەقتر دەکاتەوە، لەئەنجامی هەژموونداری ناوەند (لەفۆرمی کۆلۆنیالیزم) و پەراوێزخستنی هەژموون لەسەرکراو (گاڵتەنگ، 1971: 81). لەڕێی ئەو پرسیارنامەیەشەوە، بەچەند ئەنجامێك گەیشتین، ئەویش کاتێك دەبینین تێگەیشتن لە چەمکی جینۆساید تێگەیشتنێکی تەمومژاوی و پڕ لە ئیشکالییەتە. خەمساردیی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و نەبوونی دەزگایەکی فەرمی سەر بە حکومەتی هەرێم بۆ گرنگیدان بە ئەرشیفکردن و توێژینەوە لەو بوارە و رۆشنبیرکردنی خەڵك و بەزیندوو هێشتنەوەی لە یادەوەریی خەڵکدا، وێڕای کەمترخەمی ئەکادیمیست و رۆشنبیرانی کورد لەو بارەیەوە، ئەوسا تێدەگەین چۆن ئەو پرسە وەکو زۆرێك لەپرسەکانی دیکە، لەوانەش چەمکی کۆلۆنیالیزم دیزەبەدەرخوونە کراون و هیچ قورساییەکیان لەناو نوخبەی سیاسیدا هەست پێناکرێت. ئەگینا لەو پەیوەندییەدا لەوە تێدەگەین کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی داگیرکەر لەگەڵ نەتەوەی پەڕاوێزخراودا، نەك هەر پەیوەندییەکی نیشتمانی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای زەبروزەنگ و جینۆسایدی نەتەوەیەك بینا کراوە؛ پەیوەندییەکە لەنێوان دەسەڵاتێکی کۆلۆنیال و نەتەوەیەکی پەڕاوێزخراو و بەکۆلۆنیکراو. ئەمەش دەکرێت خۆی لە هەمان ئەنجامی داگیرکاریی نوێدا ببینێتەوە کە ئەقڵەکان داگیر دەکات (Nandy, 2015). لەو بارەیەشەوە، نوسەرانی کۆلۆنیالیزم و جینۆساید جەخت لە جینۆسایدی تاسمانیا دەکەنەوە وەکو نموونەیەك بۆ جینۆساید

و "وەکو شوێنێك بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، کاتێك نیشتەجێ سپییەکان خەڵکە رەسەنەکەی تاسمانیایان لەناوبرد و سڕیاننەوە" (Moses, & Stone, 2013: VIII).

خاڵێك لێرەدا زۆر گرنگە، ئاماژەی پێ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی ئەم توێژینەوە و تەنانەت ئەو میتۆدەش کە پێڕەوی لێکراوە، ئەنجامدانی دوای پڕۆسەی ئەو ریفراندەمەیە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەر دروست بوو. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، حکومەتی عێراقی دوای 2003، بەراورد بە حکومەتی بەعس، جیاوازییەکی بونیادی هەیە و کورد بە قورساییەکی زۆرەوە لە بەغدا لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارە. بەڵام ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە دەرخەری ئەوەن کە خواست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە دووڕیانێکە و ئاڕاستە و خواستی دەسەڵاتی کوردیش لە دووڕیانێکی دیکەدایە، بەوەی کە دەسەڵاتێکی بێ ستراتیژییەتە و نەیتوانیوە پرسە نەتەوەییەکان بکاتە بنچینەی کاری سیاسی و کۆنسێپتوالیزەکردنی پەیوەندیی نێوان خۆیان و دەسەڵاتی بەغدا، لەچوارچێوەی بنەماکانی پڕۆسەی جینۆسایددا.

لە پانتاییەکی دیکەی هەمان رەهەنددا، کولتوور و زمان دوو خەسڵەتی دیکەن کە لەو توێژینەوەیەدا جەختیان لەسەر کراوەتەوە، داخۆ لەو بوارەدا پەیوەندی نێوان کورد و نەتەوەی سەردەست لەکوێدا یەك دەگرنەوە و ئاڵقە کۆمەڵایەتییەکان لەو پانتاییەدا چۆن درێژبوونەتەوە، بەتایبەتیش لە پەیوەندی بە پڕۆسەی تەعریب، جینۆسایدی کولتووری و بەکۆلۆنیزەکردندا.

لەو بارەیەوە، مێژووناسی هیندی کەڤالام نەرەیانا پانیکار، لە توێژینەوەیەکیدا بەناوی کۆلۆنیالیزم، کولتوور و ژیانەوە، هەڵوێستی رۆماننوسێکی ئەفریقی بەناوی نگوگی وا تیۆنگۆ دەگوازێتەوە و دەڵێت:

> "لە هەڵسەنگاندنێکی ورددا بۆ زمان نگوگی وا تیۆنگۆ دان بەوەدا دەنێت کە 'بۆمبی کولتووری' گەورەترین چەکی کۆلۆنیالیزمە. کاریگەریی بۆمبی کولتووری، کە ئەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لە "نەهێشتنی باوەڕی خەڵك بە ناوەکانیان، بە زمانیان، بە ژینگەیان، بە مێژوویان لە خەبات و بەرخودان، بە یەکبوونیان، بە توانایان و لەکۆتاییشدا بە خودی خۆیان" (Panikkar, 2003).

ئەگەر 65٪ لە بەشداربووانی توێژینەوەکەمان پێیان وابێت عێراق داگیرکەرە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەوا 67.8٪ پێیان وایە زمانەکەیان لەژێر کاریگەریی زمانی نەتەوەی سەردەستدا لە مەترسی دایە. ڕێژەی 70.2٪ش پێیان وایە کولتووریان لەژێر کارایی کولتووری عەرەبدا لە مەترسی دایە. بەشێکی زۆری ئەوانەش هاوشان لەگەڵ ئەو بۆچوونەیان، پێیان وایە دەسەڵاتی کوردی لەو ڕووەوە بەتەواوەتی کەمتەرخەم و بێ هەڵوێستە. ئەو ڕێژانەی کە هەست دەکەن زمان و کولتووریان لەژێر هەڕەشە دایە ڕێژەی ترسناکن و ئاماژەن بۆ کۆمەڵێك کێشەی بونیادی ناوخۆیی، وەکو یەکێك لە ئەنجامەکانی کۆلۆنیزەکردنی ئەقڵ و کاریگەریی کولتووری سەردەست بەسەر هزر و بیرکردنەوەی خەڵکی پەڕاوێزخراودا. ئەگەر ئەو داتایانە بە بنەما وەربگرین، کورد لە باشوور لە بەردەم "بۆمبی کولتووریدان" ڕێك وەکو کوردی باکوور، کە واقیعی باکووری کوردستان پێمان دەڵێت زۆرینەی کورد لە باکوور لەبەردەم بۆمبی کولتووری داگیرکەردا هەپرون بە هەپروون بوون. بە گوێرەی توێژینەوەیەک 50٪ی کوردانی باکوور لە دەرەوە بە تورکی قسە دەکەن (Öpengin, 2012). لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەکۆلۆنیزەکردنی بیرکردنەوە و کولتووری خەڵك بەهەمان شێوە لەبەردەم ئەو بۆمبەدا ڕۆژ دەکەنەوە. باسی ڕۆژئاوای کوردستانیش هەرناکەین، کە چۆن بەهۆی تەعریبەوە لەچەند دوورگەیەکی لێکپچڕاودا لەیەکتری دابڕێندراون.

ئاماژەکانی دابەشبوونی دانیشتوانی عێراق هێندە زۆرن، بەچەندین توێژینەوەی جیاوازەوە ناتوانین لێی دەربچین. سەنتەری کارنیگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەزمانێکی ڕۆشن دەڵێت "گومان لەوەدا نییە کە عێراق هەر بە دابەشکراوی دەمێنێتەوە" (Hassan, 2014). هەروەها دەڵێت "کەلێنی نێوان شیعە و سوننە لە عێراق لە بنەڕەتدا ئەنجامی گۆڕانکاریی جیۆپۆلیتیك و کۆمەڵایەتی و کولتووریی هەمەجۆرە" (Ibid). ئینجا بەردەوام دەبێت و دەڵێت "تەماشای عێراق دەکرێت بەوەی کە کۆمەڵگەیەکە پێك دێت لە گروپی ئیتنی و تائیفی، بۆیە بیرۆکەی ناسنامەی عێراقی دەخاتە بەردەم گومانەوە" (Ibid).

لە غیابی هاوڵاتیبوونێکی ڕاستەقینەدا، نامۆبوون بەرامبەر یەکدی لەنێوان کورد و عەرەبدا، چەمکێکی دیکەیە کە ئەم توێژینەوەیە پشتڕاستی دەکاتەوە؛ چەمکێک لە چوارچێوەی تیۆری نۆربێرت ئەلیاس کە جەخت لەسەر پەیوەندیی بیناکردنی نەتەوە و لاوازیی تۆڕی پەیوەندییەکان دەکاتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا ئەگەر بەوردی سەرنج

بدەین، دەبینین تێڕوانینی کورد بۆ ئەو عەرەبانەی بەهۆی شەڕی مەزهەبی، دواییش پەلامارەکانی قاعیدە و ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) روویان لە کوردستان کردووە، وەك (داگیرکەر، بێگانە، میوان) تەماشایان دەکەن و هەرسێ چەمکەکەش، یەك ئاڕاستەیان هەیە، کە زۆر جیاوازە لە چەمکی هاوڵاتی. بۆیە لە حاڵەتی بەریەککەوتنیشدا پەیوەندییەکی ئاسایی لەنێوانیاندا دروست نابێت، وەکو ئەوەی لەگەڵ کوردێکی مەهاباد دروست دەبێت؛ ئەمە وێرای بوونی چەندین بەربەستی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، کولتووری بەزمانیشەوە، لەبەردەم ئەو جۆرە پەیوەندییەدا.

لێرەدا، ئەوەی کە گرنگە، جۆرێك لە پێکەوەگونجان لەتێگەیشتنی بەشداربووواندا هەیە، کە خۆی لە تێگەیشتن لەو پەیوەندییەدا دەنوێنێت و ئاڕاستەکان لەیەک نزیك دەبنەوە، بەوەی ئەگەر (65٪) پێیان وابێت عێراق داگیرکەرە، ئەوە (75.7٪) کلیك لەسەر چەمکی هاوڵاتیبووندا ناکەن لەگەڵ ئەو عەرەبانەی وەکو پەنابەر روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. هەروەها کۆی ئەوانەش کە هەستیارن بەرامبەر ئەو پەنابەرانە و جۆرێك لە نامۆبوون لەبەرامبەرییاندا دەبیندرێت ڕێژەکەیان دەگاتە (80.1٪). هەموو ئەمە دەمانباتەوە سەر شکستی بیناکردنی بوونێك لە عێراق بەناوی بیناکردنی نەتەوە، کە لەهەموو خەسڵەتەکانیدا شکستی هێناوە، وێڕای دووپاتبوونەوەی ئەو دابەشبوونە بونیادییەی کە لەنێوان هاوڵاتییانی کورد و نەتەوەی سەردەستدا لەفۆڕمی پچڕانی ئاڵقەکاندا هەیە، کە خۆی لە پەیوەندیی ناوەند بە پەڕاوێزەوە دەبینێتەوە وەکو فۆرمێکی بنەڕەتی کۆلۆنیالیزم. وێڕای لاوازی پشت بەیەکبەستنی نێوان پێکهاتەکان، لەچوارچێوەی تیۆری شکستی ژیاردا.

لێرەدا لە چوارچێوەی تیۆری پرۆسەی ژیاردا، لە مێژووی سروشتیی واقیعی کۆمەڵایەتی، بەگرنگی دەزانم ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەم کە دەبن بە پێکهێنەری ئەو پرۆسەیە، لەوانەش؛ فۆرمەلەبوونی دەوڵەت (State formation)، ئینتیگرەیشن، جیاوازییەکان، فراوانبوونی ئاڵقەکانی پشت بەیەکتر بەستن ( interdependency chains) و ناواندنی خۆپابەندکردن (Dunning and Hughes, 2013: 27). ئەگەر بەوردی لەو وەڵامانە وردبینەوە لە پەیوەندییان بە مێژووی واقیعی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراقەوە، زۆر بە ئاسانی بەدرێژایی مێژووی عێراق، پێچەوانەی ئەو پرۆسەیە دەبینینەوە، هەندێك لەو چەمکانەش بریتین لە؛

1. شکستی دەوڵەتی عێراق. چەندین توێژینەوەی جیاواز جەختییان لەسەر ئەو شکستە کردۆتەوە، کە داڕمان و هەڵوەشانەوەی فۆرمەلەبوونی دەوڵەتە، یا فۆرمەلەبوونێکی شکست خواردووە. وەکو ئەوەی لە راپۆرتی توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی پاولینا بێکەر ئامادەی کردووە پێی وایە "هەر هەڵسەنگاندنێکی راشکاو ناتوانێت لەوە زیاتر نکوڵی لەوە بکات کە عێراق دەوڵەتێکی شکسخواردووە" (Baker, 2003: 8). هەروەها لۆرێن تۆمسۆن، پێنج هۆکار دەسنیشان دەکات بۆ شکستی دەوڵەتی عێراق، لەوانەش: (١) سنوورێکی نالۆژیك، (٢) نەبوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی، (٣) توراسێك لە ئۆتۆریتێ و خودسەری، (٤) دڕندەییەکی سیستەماتیك و (٥) ریشەداربوونی گەندەڵی.

چەندین توێژینەوەی دیکە لەو بارەیەوە، جەخت لەسەر عێراق وەکو دەوڵەتێکی شکستخواردوو دەکەنەوە. لەوانەش: لەپەنا شکستی دەوڵەت: بەرەو چەند کۆنسێپتێکی ئەلتەرناتیف. چارلس کۆڵ Call, C. T. (2011). Beyond the Failed State': Toward conceptual alternatives. European Journal of International Relations, 17(2), 303-326. دەوڵەتە شکستخواردووەکان، یاخود دەوڵەت وەکو شکستخواردوو، رۆسا ئێهرنرایخ برۆکە. Brooks, R. E. (2005). Failed states, or the state as failure?. The University of Chicago Law Review, 1159-1196. دەوڵەتە شسکتخواردووەکان، دەوڵەتە داڕماوەکان و دەوڵەتە لاوازەکان، هۆکار و ئاماژە. رۆبەرت ئای. Rotberg, R. I. (2003) Failed states, collapsed states, weak states: Causes and indicators. State failure and state weakness in a time of terror, 1, 25. لە دەوڵەتی شکستخواردووەوە، بۆ شەڕی ئەهلی. بەلوبنانیکردنی عێراق لە 2003 - 2006. پۆلین بیکر، Baker, P. H. (2006). From Failed State to Civil War: The Lebanonization of Iraq 2003 2006—An Analysis for Civil-Military Transitions. The Fund for Peace. عێراق لە سەدەی بیست و یەك، گۆڕینی رژێم و دامەزراندنی دەوڵەتێکی شکستخواردوو. تاریق یوسف ئیسماعیل و جاکلین ئیسماعیل، Ismael, T. Y., & Ismael, J. S. (2015). Iraq in the twenty-first century: regime change and the making of a failed state. Routledge. London.

2. پێڕەوکردن لە پڕۆسەی ئەسیمیلەیشن لەژێر ناوی ئینتیگرەیشن ئەویش لەڕێگای تاواندنەوە و پڕۆسەی بەعەرەبکردن و راگواستن و سەرکوتکردن تا پڕۆسەی جینۆساید.

3. لەجیاتی ئەوەی جیاوازییەکان بکرێنە خەسڵەتێکی دەوڵەمەندی بۆ دەوڵەت، هەمیشە کار لەسەر نەهێشتنی ئەو جیاوزییانە کراوەتەوە. ئەمەش بەڕوونی لە وەڵامەکاندا دەردەکەوێت کە حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق هەوڵیان داوە ئەو جیاوازییانە لەڕێگای توندوتیژی و سەرکوتکردنەوە نەهێڵن. یەکێکیش لەو هەڵمەتانە پڕۆسەی جینۆساید بووە.

4. ئاڵقەکانی پشت بەیەکتر بەستنی پێکهاتەکان لە عێڕاق، نەك هەر فراوان نەبوون، بەڵکو بەردەوام لە کاڵبوونەوە، کورتبوونەوە و پچڕاندا بوون. تەواوی وەڵامەکانی ئەو پرسیارنامەیە بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن.

5. ئینجا ناواندنی خۆپابەندکردنیش لە پڕۆسەی کۆمەڵایەتیدا لە عێراق، هەمیشە لەژێر کاریگەری زەبروزەنگدا بووە. بۆیە لە بچوکترین دەرفەتی نەمانی ئەو زەبروزەنگە، هەرچی خۆپابەندکردنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە، لەپڕ هەڵوەشاوەتەوە و جۆرێك لە فەوزای ئەمنی (Security chaos) و مۆراڵی دروست بووە، کە سەری کێشاوە بۆ گەڕەلاوژێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. لەو پرسیارنامەیەش بەتەواوەتی ئەوە ئاشکرایە کە خۆپابەندکردن بە دەوڵەتی عێڕاقەوە لەلایەن بەشداربووان لەوپەڕی لاوازی دایە. ئەو خۆپابەندنەکردنە تەنانەت ئەو خەسڵەتانەشی گرتۆتەوە کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بە پڕۆسەی داگیرکارییەوە نییە، بۆ نموونە نوێژکردن بە زمانی عەرەبی، چونکە زۆرینەی نەتەوەی سەردەست لە عێڕاق عەرەبە و عەرەب سەنتریزم لە عێڕاق هەمیشە کارابووە. وەڵامی بەشداربووان کە تایبەتە بە نوێژکردن بە زمانی عەرەبی، دابەش دەبن بۆ چەندین را و بۆچوونی جیاواز و زۆرترین وەڵام سەدا بیست و پێنجی بەدەست هێناوە و هەست ناکەن بە زمانێکی نامۆ قسە دەکەن.

ڕەفتارکردن، کە ئەنجامی راهاتنە لەسەر شێوازێك لە ژیان، بەشێکە لە ئەزموونی رۆژانەی مرۆڤ، لەڕێی ماڵبات و دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانەوە فێری دەبێت، "کە زۆربەی جاران ئەنجامی ژمارەیەك کردەی مرۆیین، بەڵام بێ پلان و بێ نیەتی پێشینەن" (Van Krieken, R. 1998: 5). بۆیە کاتێك دەوڵەت رەنگی

پێکهاتەیەکی تایبەت وەردەگرێت، پێکهاتە پەراوێزخراوەکان، بەبێ نیەتی پێشینە و بەشێوەیەکی دینامیکی رەفتاری نەتەوەی سەردەست هەڵدەگرن، بەتایبەتیش ئەگەر پرۆسەی ئینێیگرەیشن بەبێ توندوتیژی و لەسایەی کۆمەڵێك بنەمای قانونییەوە (کە هەمیشە لە بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست دایە) بەڕێوە بڕوات. بۆیە، کاتێك یەکێك لە رەفتارەکان لەلایەن توێژەرانەوە دەخرێتە ژێر چاودێریکردن و لێکدانەوە، ئەندامەکانی ئەو پێکهات پەراوێزخراوە هێشتا بیریان لێ نەکردۆتەوە. کێشەی لەبەرکردنی دیشداشەی عەرەبیش، دەکرێت بەشێك بێت لەو جۆرە رەفتارە بێ پلان و بێ مەبەستە. یا دەکرێت بەشێك بێت لەو هەژموونە دینییەی کە هەمیشە نوقرچەیەکی عەرەبییە لە غەیرە عەرەبەکان، بەهۆی بانگ و دووبارەبوونەوەی رۆژانەی نوێژکردن. یا وتاری مزگەوتەکان و گێڕانەوەی چیرۆکە ئاینییەکان بەزمانی عەرەبی و شڕۆڤەکردنییان بە زمانی کوردی.

ئەوەی کە جیاوازە لەنێوان کردەی نوێژ بەزمانی عەرەبی لەگەڵ پۆشینی دشداشە، یەك شتە، هی یەکەمیان ئەرکێکی ئاینییە، نەك هەر خودی کردەی نوێژەکە، بەڵکو ئەنجامدانیشی بە عەرەبی. بۆیە کاتێك ئەو کردەیە لەڕێگای سۆسیالیزەبوونەوە لەگەڵ مرۆڤ گەورەدەبێت، زۆر کەم وایە هەست بە قورسایی ناواندن یا خۆپابەندکردن بەو راهاتنە بکات. بەڵام چیرۆکی پۆشینی دشداشە، کەمێك جیاوازە، هەرچەندە بەشێك لە هاوڵاتییان وا تێدەگەن ئەمەش هەر بەشێکە لە دینداری لەڕێی لاساییکردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام، بەڵام کە تێدەگەن لەلایەك پێغەمبەر جلوبەرگی نەتەوەی خۆی پۆشیوە و پەیوەندی بە لایەنی ئایندارییەوە نییە، چجای ئەوەی کە ئەم شێوە دشداشە و جلوبەرگە لەسەردەمی ئەودا هەر نەبووە، ئەوسا لەپۆشینی پاشگەز دەبنەوە. لەهەمان کاتدا بەشێك لەوانەی کە ئەو دشداشەیە دەپۆشن، بەشێکە لەو کردانەی کە کاریگەریی نەتەوەی سەردەستی بەسەرەوە دیارە، ئەمەش لەڕێگای کاریگەریی دەوڵەتەوە بەسەر هاوڵاتییانیدا.

ئەم گفتوگۆیە، لە چوارچێوەی دوو پرسیاری جیاوازەوە بوو، یەکێکییان نوێژکردن بە زمانی عەرەبی، دووەمیشییان پۆشینی دشداشە، کە دوو رەفتاری جیاواز و کاردانەوەکانیش لەئاستی هەردوو کردەکان جیاوازن؛ هەرچەندە خۆیان لە پەنا یەکتریدا دەبیننەوە بەتایبەتیش لەڕووی کولتووری و لە چوارچێوەی ناواندنی خۆپابەندکردن لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا لە عێراق. گرنگی ئەو دوو لایەنە لەوەدایە

ئەگەر نوێژکردن بەزمانی نەتەوەی سەردەست خواپەرستی بێت، ئەوا لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەی سەردەست، کولتوورییە و لەناو هەندێك لە دینداره کوردەکاندا بووە بە دیاردە، بەڵام لەلایەن رێژەیەکی زۆرەوە پۆشینی عەیبەیەکی گەورەشە. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەژموونە خوێناوییەی کە تاکی کورد بە عێراقەوە دەبەستێتەوە. بۆ بەشێکیش لە خەڵك، تەنانەت سەپاندنیش کاریگەری نابێت بەسەرییانەوە و متمانەیان بە خۆیان هەیە. بەڵام، میکانیزمەکانی کۆمەڵگە، لەسەر متمانەبەخۆبوون بەڕێوە نارۆن، چونکە سەرخستنی هەر دیاردەیەك لەکۆمەڵگەدا، هەوڵ دەدرێت ئاسایی یاخود (normalise) بکرێت، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دواتر. نموونەی کوردانی ئێزیدیش بەڵگەیەکە لەسەر ئەو ئەرگومێنتە، کە لەماوەی سێ تا چوار دەیە، عەگال و دشداشە بووە بەشێك لە کولتووری هەندێك لە کوردانی ئێزیدی (Kaka Ways, 2014). ئەمەش مانای وایە لەژێر هەژموونی هەندێك هەلومەرجی تایبەتەوە، کۆلۆنیالیزم دەتوانێت کاریگەری خۆی لەچوارچێوەی ئەو پڕۆسەیەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی سروشتی، پێیدا تێپەڕ بووە، جێگیر بکات. جیا لەوەش، بەشێك لەو بەشداربووانە لەژێر کاریگەری کولتووری سەردەستدا چەندین پاساوی جیاواز بۆ پۆشینی دشداشە دەهێننەوە، وەکو بەشێك لە وابەستەبوونییان بەعێراقیبوونەوە.

جیا لەهەموو ئەو ئەنجامانەی کە لەبەردەستدا هەن، دەکرێت بپرسین ئایا لە هەموو حاڵەتەکاندا، کۆلۆنیالیزم بەرپرسە لەو کاریگەرییانەی کە هەمیشە لەناو ئەندامانی گروپە پەراوێزخراوەکاندا رۆ دەچنە خوارەوە؟ گەیشتن بە وەڵامێکی ورد بۆ وەها پرسیارێك ئاسان نییە بێ گەڕانەوە بۆ خودی خەڵك و ئەندامانی هەمان ئەو گروپە. لەئەزموونی شۆڕش و بزووتنەوەی زۆربەی نەتەوەکاندا رەخنە لەخۆگرتن و هەڵسەنگاندنی پڕۆسەی سیاسی و بەرگری لەخۆکردن، بەردەوام لەبرەودا بوون. لێرەشدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، داخۆ نوخبەی سیاسیی کوردی لە رووبەڕووبوونەوەی پیلان و سیاسەتەکانی دەسەڵاتی داگیرکەر، بەشێوەیەکی ستراتیژییانە رۆڵی خۆی بینیوە بۆ ناساندنی داگیرکەر، یاخود شکستی هێناوە لەوەی عێراق بە داگیرکەر بزانێت؟

ئەمەش دەمانباتەوە سەر پرسی گفتوگۆی نێوان بژاردەکان (Options) و حەتمییەت (Determinism). داخۆ ئەوەی نوخبەی سیاسیی کوردی دەیکات، هەڵبژاردەی

خۆیانە یاخود بەشێك لەو رەفتارانە لەچوارچێوەی ئەو حەتمییەتانەن کە ناوچەکە پێیاندا دەڕوات. داخۆ ئایا بڕیارە سیاسییەکان لەچواچێوەی کۆمەڵێك حەتمییەتی سیاسی یا کۆمەڵایەتی یا ئابووریدا دەدرێن، ئەلتەرناتیفییان نەبووە و بەناچاری گیراونەتە بەر؟ لەوبارەیەوە، نۆربێرت ئەلیاس رەخنە لە چەمکی بیناکردنی کۆمەڵایەتی دەگرێت، کە تا ئەمڕۆش بەکار دەهێندرێت، چونکە ئەو چەمکانە بەلای ئەلیاسەوە "خۆبەخشن و بەشێوەیەکی زیادەڕۆ ئەقڵانین. چونکە ئەلیاس بەپێی توانای خۆی، بەشێوەیەکی زیادەڕۆ، گرنگی بە هاوسەنگی دەدا. هاوسەنگی لەنێوان هەڵبژاردن (Choice) و حەتمییەت (Determinism)، یاخود ناچاربوون لە بنەما و پەرەسەندنی چەمك و کردە کۆمەڵایەتییەکان و ستراکچەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە (Dunning and Hughes, 2013: 81). ئەمەش مانای وایە تەنانەت تێگەیشتن لە چەمکەکان لە ساتێك لە ساتەکاندا بۆی هەیە کاریگەری لەسەر بڕیاری مرۆڤەکان هەبێت. هەروەها لەبەردەم هەموو کردە کۆمەڵایەتییەکان، داخۆ چۆن جێبەجێ دەکرێن، چۆن لەیەکێك لە چرکە ساتەکان لەو کردانە تێدەگەین و کاردانەوەی لەبەرامبەردا دەنوێنین. زیاد لەوەش ستراکچەری کۆمەڵایەتی، جۆرێك لە ئاڕاستەکردن و ناچاری بۆ کار و کردەوەکامان بەرهەم دێنێت. کەواتە، ئەوەی گرنگە، چۆن بتوانین لەبەردەم حەتمییەتدا، بژارەکانی خۆمان دیاری بکەین. بەشداربوون لە پڕۆسەی سیاسیی دەوڵەتی سەردەستدا بەواتای بژاردەی خۆبەهاوڵاتی دانانە لەبەردەم حەتمییەتی بەشێکبوون لە عێراق. مەگەر هەڵبژاردنی ئەو بژاردەیە، لەخۆیدا جۆرێك نییە لە شەرعییەتدان بە دەوڵەتی داگیرکەر، یاخود دواخستنی چارەسەرەکانە و حەتمییەت لە چوارچێوەی (پراگماتیزمدا) وادەکات لەگەڵ رووداوەکان بڕۆن؟ ئەمەش بۆی هەیە، جۆرێك بێت لە شکستی هزری سیاسیی نەتەوەی بندەست و بە کۆڵۆنیکراو، بەهۆی نەتوانینی خوێندنەوەی رووداوەکان لەکاتی گونجاودا و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو، لەسەر بنەمای بژاردە جیاوازەکاندا.

نوخبەی سیاسیی کورد بەئاگایی بووبێت یا بەبێ ئاگایی، دەکرێت لەو سەنگەرەدا بە تێکشکاوێکی خراپ وەسف بکرێت، بەوەی کە لەلایەك بۆخۆی بەشێك بووە لە خشتی دیواری کۆلۆنیالیزم، لەلایەکیشەوە هاوڵاتی ئاسایی هەمیشە وریاتر و وشیارتر بووە لە ئێلیتی سیاسی و زۆرجارانیش لە ئێلیتی رۆشنبیریش کە لە پرسیارنامەکەشدا بە زەقی رەنگی داوەتەوە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە، بەهۆی نەبوونی شەفافییەت و

دیارنەبوونی ئەو ستراتیژیەتەی کە دەسەڵاتی کوردی کاری لەسەر دەکات، ئەگەر هەبێت، نازاندرێت لە کوێی بژاردە و ناچارییەکان دایە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئیدارەدانی هەرێمێك کە تا ئەمڕۆش وابەستەی دەوڵەتێکی کۆلۆنیالە، لە تێگەیشتنی هاوڵاتییاندا، ئاسان نییە. ئاسان نییە چونکە:

1. لەلایەك ناتوانێت وەکو دەوڵەت دەنگی بە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان بگات. هەرچەندە هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی هەن لەزۆربەی وڵاتان، بەڵام ئەو وڵاتانە وەکو باڵوێزخانە رەفتار لەگەڵ ئەو نوێنەرایەتییانە ناکەن مەگەر لەئاستی زۆر نزم جۆرێك لە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی میوان هەبێت. یەکێکیش لەو کێشانەی ئەو نوێنەرایەتییانە هەیانە، زیاتر نوێنەرایەتی حزبن تا نوێنەرایەتی حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان.

2. دەوڵەتانی دراوسێ، کە هەریەکێکیان داگیرکەری بەشێکە لە کوردستان، زۆر بە ئاسانی دەتوانن ئاژاوە لە ناوخۆی هەرێم بنێنەوە و کێشە بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم دروست دەکەن. لەو بارەیەوە دەسەڵاتی بەغدا یا هەندێك ناوەندی دەسەڵات لە بەغدا نەك هەر هیچ ناکەن، بەڵکو بۆی هەیە ژێربەژێر بەشداریش بن لە لاوازبوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەپێناو لاوازبوونی پێگەی کورد لە عێراق. رێفراندەمیش ئەوەی سەلماند (Arango et al., 2019).

3. قسە زۆر لەوە دەکرێت کە حزبە سیاسییەکان دەستوپێیان بەستراون، بەهۆی ئەو پەیوەندییە سیاسی و بۆی هەیە ستراتیژیش بێت، کە بەو دەوڵەتانەوە دەیانبەستێتەوە. بۆیە لەبواری پرسە نەتەوەییەکاندا دەستوپێیان بەستراون و ناتوانن بەشێوەی ستراتیژییانە کار بۆ پرسی سەربەخۆیی و دەرچوون لەو حەتمییەتە بکەن. نموونەی رێفراندەمیش زۆر زەقە لەو رووەوە.

4. لاوازیی نوخبەی سیاسیی هەرێم لەسەر چوار ئاستی چارەنووسازدا، لەوانەش یەکەم: لاوازیی لە دارشتنی ستراتیژییەتێك بۆ چارەنووسی خەڵکی کوردستان. دووەم: لاوازیی لە دروستکردنی کۆدەنگییەکی نێوخۆ لەئاستی ستراتیژدا بۆ پاراستنی پێگە قانونی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. سێیەم: لاوازیی لە نەبوونی هیچ ستراتیژیەتێك بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانی باشووری کوردستان بۆ ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان (Muhammed, 2019)، بێجگە لە ماددەی 140ی دەستوور.

چوارەم: لاوازیی لە ئیدارەدانی دامەزراوەکانی هەرێم؛ لەڕووی بوونی گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت (هەر هیچ نەبێت بە شێوەیەکی رێژەیی) لەسەر هەموو ئاستەکانی دارایی و نەوت و بودجە و داهاتەکان (Hassan, 2015).

ئەوەی کە جێگای لەسەر وەستانە، ئەگەر 75٪ عێراقی بەلاوە وڵاتێکی داگیرکەرە، ئەوا 81.6٪ بێ متمانەن لەئاست چۆنییەتی و جۆری رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی هەرێم و بەغدا. لەو رێژەیەشدا، 31.5٪ پێی وایە هەرکاتێك هێزە سیاسییەکان گەڕابنەوە بەغدا، شکستیان تۆمار کردووە. لەهەمان کاتیشدا، بیرکردنەوەی خەڵك لە ئاست خەباتی چەکداری تەواو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەر لە بارەی پەیوەندیی نێوان نوخبەی سیاسی و هەرێم و بەغدا، کە رێژەی 51٪ پشتیوانی لە خەباتێکی مەدەنی درێژخایەن دەکەن، ئەمەش پرسیارێك دێنێتە ئاراوە، ئەویش؛ ئەگەر هاتوو دەوڵەت بۆخۆی سیستەمێکی نامەدەنی هەبێت، ئایا خەباتی مەدەنی کاریگەری لەسەر ئەو دەوڵەتە دەبێت؟

وەڵامی ئەو پرسیارە فرەڕەهەندە، زۆرێك لەو نەتەوانەی کە پێڕەوییان لە خەباتی مەدەنی کردووە، ئێستا رووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بوونەتەوە، یەکێك لەو نەتەوانەش سکۆتەکانن. ئەوەی لە سکۆتلاند لە رێفراندەمی سەربەخۆیی 2014 رووی دا، تیایدا زۆرینەی سکۆتلاندییەکان پشتیوانییان لە سەربەخۆیی نەکرد. هەندێك سەرچاوە سەرنەگرتنی رێفراندەم دەگەڕێننەوە بۆ گۆڕینی دیموگرافی هەرێمی سکۆتلاند. 89٪ی ئەوانەی کە دەنگیان بە سەربەخۆیی نەداوە، شوێنکەوتەی کڵێسای ئینگلیزین. دەکرێت ئەمەش پەیوەندی بە دەستوەردانی دەسەڵاتی بەریتانیاوە هەبێت لە گۆڕینی دیمۆگرافیا و کارکردن بۆ پشتیوانی لە یەکێتیخوازەکان لەبەرامبەر سەربەخۆخوازەکاندا (Fraser, 2015)[9]. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی تەنانەت ئەگەر دۆخێکی ئارام و لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسیشدا بژین، زۆرینە دەتوانێت لەزۆر رووەوە پڕۆسەی بە کۆلۆنیکردن پەرە پێبدات و رێگری لە سەربەخۆیی بکات.

[9] بۆ سەلاماندنی ئەو ئەرگومێنتە، بۆخۆم لەگەڵ چەندین سکۆتلاندی قسەم کردووە و ئەو لایەنە بەتەواوی زەق دەکەنەوە. واتە شکستی دەنگهێنان بە جیابوونەوە دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر لەفۆڕمی کۆلۆنیالیزمدا.

لەبەرامبەریشدا، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان خەباتی مەدەنی و چەکداریدا هەیە، بەڵام بۆ هەردوو شێواز بنەمای تایبەت هەن. گرنگترین بنەماش لەو نێوەندەدا، رەفتارکردنە لەگەڵ داگیرکەر، وەکو داگیرکەر، نەك وەکو دەسەڵاتێکی نیشتمانی. لەوانەیە، پرسیارێك بوروژێندرێت و بگوترێت؛ ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی کوردی ئاوا بەڕاشکاوی رەفتار بکات و بە ئاشکرا خۆی لەسەر ئەو بنەمایە بنیات بنێت و لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیی مومکین نەبێ، بۆی هەیە هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانی سیاسی و فیکری ببێتەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە هەر ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لە 2003 تا ئەو چرکەساتەی نووسینی ئەم دەقە کە کۆتایی چارەکی یەکەمی ساڵی 2020ە، رووبەڕووی چەندین قەیرانی جیاواز بۆتەوە، هەر لە قەیرانی سیاسی، تا دارایی و تا دەگاتە داگیرکردنەوەی ناوچە دابڕێندراوەکان، بە کردە جینۆسایدییەکانی شاری خوورماتووشەوە لەلایەن میلیشیا عێراقییەکان، تەنها بەهۆی کوردبوونەوە. وێڕای ئەوەی لەگەڵ هاتنی هەر دەسەڵاتێك لە بەغدا، خەڵکی کوردستان دەستییان دەخەنە سەر دڵیان داخۆ حاکمی داهاتوو چۆن رەفتار لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستاندا دەکات.

## ئەنجامی توێژینەوەکە

تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی کە هەر پێکهاتەیەك لە ناوخۆی سنوورێکی دیاریکراودا بە پێکهاتەکانی دیکە دەبەستێتەوە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە فرەکولتوور و فرەئیتنی و ئاینییەکان. لەو چوارچێوەیەشدا، بەلامانەوە گرنگ بوو دەستنیشانی تێڕوانینی هاوڵاتییانی باشووری کوردستان بکەین بۆ تێگەیشتن لەو پەیوەندییە و چۆنیەتی وەسفکردنی خۆیان لە پەیوەندییانەوە بە نەتەوەی سەردەست و بە دەوڵەتی عێراقەوە.

نەبوونی یەکسانی لەنێوان نەتەوەی سەردەست و نەتەوەی پەڕاوێز، ئیشکالیەتێکی گەورەیە و هەر دەبێت ئەو پەیوەندییە بکەوێتە چوارچێوەیەکی تایبەت و ناوێکی بۆ دابندرێت. دوای ئەوەی لەڕووی تیۆرییەوە ئەوە دەستنیشانکرا، کە هەژموونداnان یەکێکە لە پێوەرە دیارەکانی ئەو پەیوەندییە، کە لە باشووری کوردستان بە ئاشکرا هەژموونی عەرەب بەسەر کورددا، بەدرێژایی مێژووی ئەو سەد ساڵەی رابردوو

دەبیندرێت و دەتواندرێت بخرێتە چوارچێوە تایبەتەکانی خۆیەوە و عێراقیش وەکو دەوڵەتێکی کۆلۆنیال کۆنسێپتوالیزە بکرێت.

لەکۆی وەڵامەکانی ئەو پرسیارنامەیەی کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشکراوە، ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکی تەواو ناتەندروستە کە هاوڵاتیانی کورد بە عێراق و نەتەوەی سەردەستەوە دەبەستێتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا، بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەشێکی زۆری لە گلەیی و گازاندەی بەردەکەوێت کە نەیتوانیوە لەو پەیوەندییە لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت. وێڕای ئەوەش تاکە پەیوەندییەك کە ئەو دوو نەتەوەیە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندی کۆلۆنیالیزمە، لەسەر هەردوو ئاستیشەوە ئەو پەیوەندییە دیارە. ئاستی یەکەم: ڕەفتار و ئاکارەکانی نەتەوەی سەردەستن کە تەنها و تەنها بەو فۆڕمە ڕەفتاری لەگەڵ نەتەوەی پەڕاوێزخراو کە کوردە، کردووە. ئاستی دووەمیش کورد خۆیەتی؛ کە دابەشبووە لەنێوان ئەوانەی کە عێراق بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و ئەوانەش کە پێیان وایە داگیرکەرە، بەڵام لەکۆی گشتیدا وتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، وتارێکی شەرمنانە، کۆنسێپتوالیزە نەکراو، پاشگەزبووەوە و تێکشکاوە. لەڕووی کرداریشەوە هەرگیز وەکو داگیرکەر ڕەفتاری لەگەڵ بەغدادا نەکردووە. بۆیە لە کەمترین پرۆسەی ئاشتیدا رایکردۆتەوە بەغدا و تێکەڵ بە پرۆسەی سیاسی بووە. ئەم ڕەفتارەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دوو ئەنجام، یەکەم: عەرەبی عێراق هەرگیز وا تێنەگەیندراوە کە ئەوان داگیرکەرن، دووەم: ئەم ڕەفتارەی بزووتنەوەی سیاسی کورد ئاماژەیەك بووە بۆ خەڵك کە عێراق نیشتمانی خۆیانە، بەڵام ئەو ئاماژانەش وایان نەکردووە خەڵك رای خۆیان لەسەر عێراق بگۆڕن. ئەم دووفاقییەی بزووتنەوەی سیاسی کورد زەبرێکی کوشندەی لە خودی پرسی کورد داوە و تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە خۆی یەکلا بکاتەوە.

## سەرچاوەکان

General Assembly (1960) Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples. UN Doc. A/RES/1514 (XV), 14(12), 1960.

Arango, T., Risen, J., Bergman, R., Hussain, M., & Fassihi, F. (2019) The Iran Cables: Secret Documents Show How Tehran Wields Power in Iraq. Retrieved March 16, 2020, from https://nyti.ms/39ZryhO

Baker, P. H. (2003) Iraq as a Failed State: A Six Month Progress Report. *Washington, DC, The Fund for Peace*.

Besikci, I. (1990) *Kurdistan*: *An interstate colony*. Padstow, NSW: Kurdistan Information Centre.

Dunning, E. and Hughes, J. (2013) 'Norbert Elias and Modern Sociology:

Knowledge, Interdependence', Power, Process. London & NY: Bloomsbury Academic.

Elias, N. (2000) 'The civilising process, rev. edn', Jephcott, E., trans.).

Oxford, 1939. Oxford: Blackwell.

Fletcher, J. (1997) Violence and civilization: an introduction to the work of Norbert Elias. Cambridge: Polity.

Fraser, D. (2015) Study examines referendum demographics. Retrieved January 6, 2020, from https://www.bbc.co.uk/news/uk-scotland-glasgow-west-34283948.

Galbraith, P. W. (2007) The end of Iraq: How American incompetence created a war without end. London: Simon & Schuster.

Galtung, J. (1971) A structural theory of imperialism. *Journal of Peace Research*, *8*, 2nd ser., 81-117. doi:10.4324/9780203300527_chapter_3.1

Hind, R. J. (1984) The Internal Colonial Concept. Comparative Studies in Society and History, 26(03), 543. doi:10.1017/s0010417500011130

Hicks, J. (2005) On the application of theories of 'internal colonialism'to Inuit societies. Canadian Political Science Association Winnipeg.

Horvath, R. J. (1972) A Definition of Colonialism. *Current Anthropology*, *13*(1), 45-57. doi:10.1086/201248

Hardi, C. (2016) Gendered experiences of genocide: Anfal survivors in Kurdistan-Iraq. Routledge. Oxford.

Landini, T. & Depelteau, F. (2014) Norbert Elias and empirical research. New York: Springer.

Loyal, S. & Quilley, S. (2004) *The sociology of Norbert Elias*. Cambridge, Cambridge: Cambridge University Press.

Machiavelli, N. & Cust, H. J. (1967) *Machiavelli*. New York: AMS Press.

Marker, S. (2003) Effects of Colonization. Retrieved May 26, 2018, from https://www.beyondintractability.org/essay/post-colonial

Moses, D. & Stone, D. (2013) *Colonialism and Genocide*. London: Routledge.

Nakash, Y. (2003) The Shi'is of Iraq. Oxford: Princeton University Press.

Nandy, A. (2015) *The Intimate Enemy: Loss and Recovery of Self Under Colonialism*. New Delhi: Oxford University Press.

Okazaki, S., David, E. J. R., & Abelmann, N. (2008) Colonialism and psychology of culture. Social and personality psychology compass, 2(1), 90-106.

Öpengin, E. (2012) Sociolinguistic situation of Kurdish in Turkey: Sociopolitical factors and language use patterns.

Panikkar, K. N. (2003) Colonialism, culture and revivalism. *Social Scientist*, 3-16.

Posner, E. A., Spier, K. E., & Vermeule, A. (2009) Divide and Conquer. *SSRN Electronic Journal*. doi:10.2139/ssrn.1414319

Rohloff, A. (2012) *Climate Change, Moral Panic, and Civilization: On the development of global warming as a social problem* (Unpublished master's thesis). Brunel University.

Sadiq, I. (2016) *Nation building and genocide as civilising and de-civilising processes* (Unpublished master's thesis). Brunel University London. doi: http://bura.brunel.ac.uk/handle/2438/15043

Sumner, W. G. (2011) *Folkways: A study of mores, manners, customs and morals*. New York: Cosimo.

Stanley, T. (2011) The American Civil War: A North-South Divide. Retrieved May 23, 2018, from https://www.historytoday.com/tim-stanley/american-civil-war-north-south-divide

United Nations (1971) International Trusteeship System. Retrieved January 19, 2020, from http://bit.ly/38nZ0xj

UNHR. (n.d.). OHCHR: Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples. Retrieved January 20, 2020, from http://bit.ly/2G21yVN

Van Krieken, R. (1998) *Norbert Elias*. New York: Psychology Press.

Wimmer, A. (2002) Nationalist exclusion and ethnic conflict: Shadows of modernity. Cambridge: Cambridge University Press.

Young, R. J. (2015) Empire, colony, postcolony. Oxford: John Wiley & Sons.

Ahmad, Z. (2016, February 16) باشووری کوردستان لەکاتی دوورخستنەوەی شێخ مەحمود و سەرهەڵدانی چالاکی تورکەکان بە سەرۆکایەتی ئۆزدەمیر پاشا 1919 -1922. Retrieved January 20, 2020, from http://bit.ly/2TDXBOZ

الحمداني، ح. (2004) لمحات من تاريخ الحركة التحررية الكردية. http://www.ahewar.org/m.asp?i=20

Barwari, A. (n.d.) Dewlet u Serbexoyî le Fikrî Partida. Retrieved May 24, 2018, from https://bit.ly/2KQkCXe

Hassan, H. (2014) الأزمة الطائفية في العراق: إرث من الإقصاء. Retrieved March 15, 2020, from http://bit.ly/3aUZooe

Hassan, K. (2015) المجتمع المسيّس في كردستان يواجه نظاماً سلطانياً. Retrieved March 16, 2020, from http://bit.ly/2TUU3rm

Kadir, J. (2011) Hewlêk bo ravekirdinî Helwêstî Dewletanî Dimocrasî lemer Rapirsî Kurdistan. Retrieved May 23, 2018, from https://bit.ly/2ubYwJ4

Kaka Ways. H., (2014). Kurdani Ezidi. Retrieved May 28, 2018, from https://bit.ly/2ITtoTO

Muhammed, H. (2019) ئێمە و بەغدا لە سەرەتا داین. Retrieved March 16, 2020, from http://bit.ly/2TUlkdt

Mohammed, O. (2018) – سەعید حەمەغەریب و عەلی حەسەن مەجید. Retrieved May 28, 2018, from https://bit.ly/2siAme4

Omer, S. (2017) Rolî Kurde Cašekan le šalawekanî Enflda - History Of Kurd. Retrieved July 31, 2018, from https://bit.ly/2M676zY

P. Kurd. (2018) 1991 دەستکەوتەکانی راپەرینە مەزنەکەی. Retrieved March 13, 2020, from http://bit.ly/3cWpkBz